لەبڵاوکراوەکانی سایتی ئیمان وەن
WWW.IMAN١.COM

# بەشی یاساکانی مردو
# (أَحْكَامُ المَيِّتُ)*

## پێویستیەکانی سەرەمەرگ ( أَحْكَامُ المُحْتَضِر )

**پێویستە نەخۆش گومانی چاك بە خوای خۆی ببات[٢٧١] ، و(تَوْبَة) بکات وپەشیمان ببێتەوە لەو تاوانانەی کردویەتی[٢٧٢]، بە تایبەتی مافەکانی خەڵکی[٢٧٣]، وە پێویستیشە لە سەر موسوڵمان سەردانی برای نەخۆشی بکات[٢٧٤]،**

* لە داڕشتنی ئەم بەشەی کتێبەکەماندا زۆر پشتمان بە کتێبی( أَحْكَامُ الجَنَائِز)ی شێخ (مُحَمَّدُ نَاصِرُ الدِّيْن الألْبَانِي) بەستوە ، بۆیە زۆربەی فەرموودەکانی ئەم بەشە ژمارەکانی و(تَصْحِيْح و تَحْسِيْن وتَضْعِيْف)یمان لەو کتێبە بە نرخەوە وەرگرتوە ، تکایە ئاگادار بن .

(٢٧١) لە بەر فەرموودەکەی (جَابِر ) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست پێش وەفات کردنی بە سێ رۆژ فەرمووی: (( **لاَ يَمُوْتَنَّ أَحَدُكُمْ إلَّا وَهُوَ يُحْسِنُ الظَنَّ بِاللهِ عَزَّ وَجَلَّ** )) واتە: هیچ کەسێکتان نەمرێت (ئیللا) گومانی چاك بە خوای گەورە ببات [رواه مسلم (٤/٢٢٠٥/ ٢٨٧٧)].

(٢٧٢) لە بەر ئەو هەموو فەرمانانەی خوا وپێغەمبەری خوا (ﷺ) لە قورئان وفەرمووده دا . لەوانە فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (النور: ٣١)دا کە دەفەرمێ:: ﴿ وَتُوْبُوا إِلَى اللهِ جَمِيْعَاً أَيُّهَا المُؤْمِنُوْنَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُوْنَ ﴾ واتە: پەشیمان ببنەوە و بگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە هەمووتان ئەی باوەڕداران بۆ ئەوەی سەرفراز بن .

(٢٧٣) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **مَا حَقُّ إِمْرِيءٍ مُسْلِمٍ يَبِيْتُ لَيْلَتَيْنِ ، وَلَهُ شَيْءٌ يُرِيْدُ أَنْ يُوْصِيَ فِيْهِ إلاَّ وَوَصِيَّتُهُ مَكْتُوْبَةٌ عِنْدَ رَأْسِهِ** )) واتە: حەق نییە مرۆڤی موسوڵمان شتێکی هەبێت

بیەوێت وەسێتی پێ بکات ، لە دوو شەو زیاتر بمێنێتەوە(ئیللا) وەسیەتەکەی نوسیبێتەوە لە لای خۆی [رواه البخاري ( ٥/ ٢٥٥/ ٢٧٣٨) ومسلم (٣/ ١٢٤٩/ ١٦٢٧) وغيرها].

(٢٧٤) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی : لە پێغەمبەری خوام ( ﷺ) بیست کەوا فەرمووی: (( **حَقُّ المُسْلِمِ عَلَى المُسْلِمِ خَمْسٌ: رَدُّ السَّلاَمِ ، وَعِيَادَةُ المَرِيْضِ ، وَإِتِّبَاعُ الجَنَائِزِ ، وَإِجَابَةُ الدَّعْوَةِ ، وَتَشْمِيْتُ العَاطِسِ** )) واتە: مافی موسوڵمان لە سەر موسوڵمان پێنجە: وەڵام دانەوەی (سَلام) کردن ، وە سەردانی نەخۆش ، وە شوێنکەوتنی جەنازە ، وە وەڵام دانەوەی (دَعْوَة)کردن بۆ نان خواردن ، وە دوعا کردنی پژمین – ئەگەر پژمی و ووتی: (الحَمْدُ للَّه) ، ئەو پێی بڵێت: (يَرْحَمُكَ اللهُ) ، ئەویش وەڵامی دەداتەوە ودەڵێ: (يَهْدِيْكَ اللهُ وَيُصْلِحُ بَالَكَ) – [رواه البخاري (١١٢/٣/ ١٢٤٠) ومسلم (٤/ ١٧٠٤/ ٢١٦٢)].

**وە سوننەتە تەلقین کردنی نەخۆش لە سەرەمەرگدا[٢٧٥] ، وە ئەگەر مرد چاوەکانی دابخرێت و دوعای خێری بۆ بکرێت[٢٧٦] ، وە هەموو لاشەی داپۆشرێت[٢٧٧] ، وە پەلەش بکرێت لە ئامادەکردنیدا[٢٧٨] ،**

(٢٧٥) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْد الخُدْرِي) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا ( ﷺ) فەرمووی: (( **لَقِّنُوا مَوْتَاكُمْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله** )) واتە: مردوەکانتان یاد بخەنەوە بە لاَإِلَـهَ إِلاَّ الله [رواه مسلم (٢/٦٣١/ ٩١٦) وأبو داود (٣١٠١/٣٨٦/٨) مع العون والترمذي(٩٨٣/٢٢٥/٢) وغيرهم].

مەبەست لە تەلقین کردنی ئەوەیە: بەردەوام ئەوانەی لە دەوروبەری دان (لاَإِلَـهَ إِلاَّ الله) بخەنەوە یادی ، وە هەوڵی لە گەڵدا بدەن بە نەرمی کەوا بەردەوام بیڵێتەوە ، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمێ: (( **مَنْ كَانَ آخِرَ كَلاَمِهِ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ دَخَلَ الجَنَّةَ** )) واتە: هەر کەسێك دواین ووتەی (لاَإِلَهَ إِلاَّ الله) بێت دەچێتە بەهەشتەوە [رواه أبو داود (٣٨٥/٨/ ٣١٠٠ ) مع العون ، عن معاذ بن جبل وهو حديث صحيح ، بروانە الإرواء(٦٨٧)].

(٢٧٦) لە بەر فەرموودەکەی (أُمِّ سَلَمَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) هاتە ژوورەوە بۆ لای (أَبُو سَلَمَة) بینی چاوی برِیوەتە پشت سەری ، جا چاوەکانی نوقاند وفەرمووی: (( **إِنَّ الرُّوْحَ إِذَا قُبِضَ تَبِعَهُ البَصَرُ** )) واتە: بە راستی گیان کاتێك دەردەکرێت چاو لە شوێنی دەچێت . جا کەسانێك لە کەس و کاری نارەحەت بوون – و دوعایان لە خۆیان دەکرد – جا پێغەمبەری خوا ( ﷺ) فەرمووی: (( **لاَ تَدْعُوْا**

عَلَى أَنْفُسِكُمْ إِلاَّ بِخَيْرٍ ، فَإِنَّ المَلائِكَةَ يُؤَمِّنُوْنَ عَلَى مَا تَقُوْلُوْنَ )) واتە: دوعا لە خۆتان مەكەن مەگەر بە چاكە بێت ، چونكە فریشتەكان (آمین )دەكەن لە سەر ئەوەی دەیڵێن ، پاشان فەرمووی : (( **اللَّهُمَّ اغْفِر لِأَبِى سَلَمَةَ وَارْفَعْ دَرَجَتَهُ فِى المَهْدِيِّيْنَ وَاخْلُفْهُ فِى عَقِبِهِ فِى الغَابِرِيْنَ . وَاغْفِرْ لَنَا وَلَهُ يَا رَبَّ العَالَمِيْنَ وَافْسَحْ لَهُ فِى قَبْرِهِ ، وَنَوِّرْ لَهُ فِيْهِ** )) [رواه مسلم (٢/٦٣٤/ ٩٢٠)].

(٢٧٧) لە بەر فەرموودەكەی (عَائِشَة) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی : (( أَنَّ **رَسُوْلُ اللهِ** ( ﷺ) **حِيْنَ تُوُفِّيَ سُجِيَ بِبُرْدٍ حِبَرَةٍ** )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) كاتێك وەفاتی كرد بە پۆشاكێكی (حِبَرَة) داپۆشرا [رواه البخاری (٣/١١٣/ ١٢٤١) ومسلم (٢/٦٥١/٩٤٢)] . (حِبَرَة) : جۆرێكە لە پۆشاكی یەمەنی .

(٢٧٨) لە بەر فەرموودەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا ( ﷺ) فەرمووی: (( **أَسْرِعُوا بِالجَنَازَةِ ، فَإِنْ تَكُ صَالِحَةً فَخَيْرٌ تُقَدِّمُوْنَهَا عَلَيْهِ ، وَإِنْ تَكُنْ غَيْرَ ذَلِكَ فَشَرٌّ تَضَعُوْنَهُ عَنْ رِقَابِكُمْ** )) واتە: پەلە بكەن لە جەنازەدا ، جا ئەگەر چاك بێت ئەوە چاكەیەكە پێشی دەخەن بۆی ، وە ئەگەر چاكیش نەبوو ئەوە شەرێكەو لە ملی خۆتانی دەكەنەوە [رواه البخاری ( (٣/١٨٢/ ١٣١٥) ومسلم(٢/٦٥١/٦٤٤) وغيرهما].

ئەم فەرموودەیە بە واتایەكی گشتی فەرمان بە پەلە كردن دەكات ، بەلاّم فەرموودەكەی (الحُصَيْنُ بنُ وَحْوح) دەربارەی (طَلْحَة) (( .. **وَعَجِّلُوْهُ ، فَإِنَّهُ لاَ يَنْبَغِي لِجِيْفَةِ مُسْلِمٍ أَنْ تُحْبَسَ بَيْنَ ظَهْرَانَي أَهْلِهِ** )) واتە: وە پەلەی لێ بكەن ، چونكە نابێت لاشەی موسوڵمان گیر بدرێت لە ناو كەس وكاریدا . (ضَعِيْف)ە [بروانە أحكام الجنائز(ل١٣) ]. وە فەرموودەكەی (عَلي) یش : (( **ثَلاَثٌ لاَ يُؤَخِّرْنَ: الصَّلاَةُ إِذَا أَتَتْ ، وَالجَنَازَةُ إِذَا حَضَرَتْ ، وَالأَيِّمُ إِذَا وَجَدَتْ كُفْئًا** )) واتە: سیان دوا ناخرێن : نوێژ ئەگەر كاتی هات و جەنازە ئەگەر ئامادە كرا و ... (ضَعِيْف)ە [ بروانە ضعيف الجامع (٢٥٦٢)].

**وە قەرزارێكانی ببژێردرێت** (٢٧٩) .

---

(٢٧٩) لە بەر فەرموودەی زۆر ، لەوانە فەرموودەكەی (أَبُو هُرَيْرَة)ە (خوای لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا ( ﷺ) فەرمووی: (( **نَفْسُ المُؤْمِنِ مُعَلَّقَةٌ بِدَيْنِهِ ، حَتَّى يُقْضَى عَنْهُ** )) واتە: نەفسی باوەڕدار هەڵبەستراوە بە قەرزەكەیەوە تا بۆی دەدرێتەوە [رواه الترمذی (٣٠/ ٣٨٩/ ١٠٧٨) وإبن ماجة( ٢/٨٠٦/ ٢٤١٣) وهو حديث صحيح ، بروانە المشكاة(٢٩١٥) وصحيحإبن ماجة(١٩٥٧)].

<u>تێبینی :</u>

**(أ) دروستە بۆ کەس و کاری مردو تەماشای دەم و چاوی بکەن و ماچی بکەن:**

لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَةَ) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **أَنَّ النَّبِيَّ ( ﷺ) دَخَلَ عَلَى عُثْمَانَ بنَ مَظْعُون وَهُوَ مَيِّتٌ ، فَكَشَفَ عَنْ وَجْهِهِ ثُمَّ أَكَبَّ عَلَيْهِ فَقَبَّلَهُ ، وَبَكَى ، حَتَّى رَأَيْتُ الدُّمُوْعَ تَسِيْلُ عَلَى وَجْنَتَيْهِ** )) واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) چووە ژوورەوە بۆ لای (عُثْمَانُ بنُ مَظْعُوْن) کاتێك وەفاتی کردبوو ، جا سەری دەم وچاوی هەڵدایەوە پاشان باوەشی پیدا کرد و ماچی کرد و گریا تا بینیم فرمێسك بە گۆنایدا دەهاتە خوارەوە [رواه أبن ماجة(١/٤٦٨/ ١٤٥٦) وابو داود(٨/٤٤٣/ ٣١٤٧) والترمذي(٢/ ٢٢٩/ ٩٩٤) وهو حديث صحيح ، بروانە الإرواء(٦٩٣) وصحيح إبن ماجة(١١٩١)].

**(ب) دروستە گریان لە سەر مردو تا سێ رۆژ:**

لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُ الله بن جَعْفَر) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا فەرموی : (( **أن النبي ( ﷺ) أمهل آل جعفر ثلاثا أن يأتيهم ، ثم أتاهم فقال: لا تبكوا على أخي بعد اليوم** ... )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) تا سێ رۆژ مۆڵەتی بە کەس وکاری (جَعْفَر)دا کەوا بێت بۆ لایان ، پاشان هات بۆ لایان و فەرمووی: ئیتر پاش ئەمڕۆ بۆ براکەم مەگرین ... [رواه أبو داود (٤/رقم/٤١٩٢) والنسائي(٨/١٨٢) وهو حديث صحيح ، بروانە صحيح النسائي(٤٨٢٣)].

وە پێویست(وَاجِب)ە لە سەر کەس و کاری مردوەکە کاتێك کە هەواڵیان پێ دەگات ئارام بگرن و ڕازی بن بە قەدەری خوا ، لە بەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة: ١٥٥-١٥٧)دا کە دەفەرمێ: ﴿ وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِنَ الأَمْوَالِ وَالأَنْفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِيْنَ ، الَّذِيْنَ إِذَا أَصَابَتْهُمْ مُصِيْبَةٌ قَالُوْا إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُوْنَ ، أُوْلَئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِنْ رَبِهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُوْنَ ﴾ واتە: وە بێ گومان ئێوە تاقی دەکەینەوە بە هەندێك لە ترس و برسێتی و کەم کردنەوەی ماڵ و زیانی گیانی و بەرهەم و دەست کەوت ، وە مژدە بدە _ ئەی پێغەمبەر _ بە ئارام گران ، بەوانەی کەوا هەر کاتێك تووشی بەسەر هات و نارەحەتی ببن دەڵێن : بە ڕاستی ئێمە هەموو موڵکی خواین وە ئێمە هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە ، ئەوانە - ی وا دەڵێن - سڵاوات و بەزەیی خوایان لە سەرە ، وە هەر ئەوانەن هیدایەت دراوەکان .

وە هەروەها دوعای خێریش بکەن بۆ خۆیان ، لە بەر فەرموودەکەی ( أُمِّ سَلَمَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: بیستم پێغەمبەری خوا ( ﷺ) دەیفەموو: (( **مَا مِنْ**

**مُسْلِمٍ تُصِيْبَهُ مُصِيْبَةٌ فَيَقُوْلُ مَا أَمَرَهُ اللهُ﴿ إِنَّا لِلّه وَإِنَّا إِلَيْه رَاجِعُـوْن ﴾ اللَّهُمَّ أَجِرْنِي فِـي مُصِيْبَتِي وَأَخْلِـفْ لِـي خَيْـرَاً مِنْهَـا إِلاَّ أَخْلَـفَ اللهُ لَـهُ خَيْـرَاً مِنْهَـا ))** واتـە: هـەر موسوڵمانێك كاتێك كە تووشی بەسەرهاتێكی ناڕەحەت دەبێت ، جا ئەوە بڵێت كە خوا گەورە فەرمانی پێ كردوە: ﴿ إِنَّا لِلَّه وَإِنَّا إِلَيْه رَاجِعُوْن ﴾ اللَّهُمَّ أَجِرْنِى فِى مُصِيْبَتِى وَاخْلِفْ لِي خَيْرَاً مِنْهَا ، (ئیللا) خوا لەوە باشتر دەخاتە جێگەی . (أُمِّ سَلَمَة) فەرمووی : جا كاتێك (أبُوسَلَمَة) وەفاتی كرد ، ووتم : چی موسوڵمانێك لە(أبُوسَلَمە) باشترە ، یەكەم ماڵ بوو لە پێناوی خوادا كۆچی كرد ؟ پاشان دوعاكەم كرد ، جا خوای گەورە پێغەمبەری خوای خستە جێگەی بۆم [رواه مسلم (٢/ ٦٣١/ ٩١٨)].

وە حەرامیشە لە سەر كەس وكاری مردو شیوەن كردن و لەخۆدان و جل و بەرگ دڕین و سەرتاشین و سەر رووت كردن ، لە بەر ئەم فەرموودانە :

(أبُومَالك الأَشْعَري) (خوای لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **أَرْبَعٌ فِي أُمَّتِي مِنْ أُمُوْرِ الجَاهِلِيَّةِ لاَ يَتْرُكُوْنَهُنَّ: الفَخْرُ فِي الأَحْسَابِ ، وَالطَّعْنُ فِي الأَنْسَابِ ، وَالأَسْتِسْقَاءُ بِالنُّجُوْمِ ، وَالنِّيَاحَةُ ، وَقَالَ: النَّائِحَةُ إِذَا لَمْ تَتُبْ قَبْلَ مَوْتِهَا تُقَامُ يَوْمَ القِيَامَةِ وَعَلَيْهَا سِرْبَالٌ مِنْ قَطِرَانٍ وَدِرْعٌ مِنْ جَرَبٍ ))** واتە: چوار شت هەیە لە ئوممەتەكەمدا لە كاری نەفامیە ، وە هەر وازیشی لێ ناهێنن : شانازی كردن بە كاری باوك و باپیران ، و تانەدان لە نەسەب ، و تاڵۆ گەری و ئەستێرەناسی ، وشیوەن كردن ، وە فەرمووی: ئافرەتی شیوەن كەر ئەگەر پەشیمان نەبێتەوە پێش مردنی ، ئەوە لە رۆژی دواییدا دەوەستێنرێت وكراسێكی قەترانی ڕەشی لە بەردایە و پێستیشی یەك قات زامدار و گەڕ و گولە [رواه مسلم (٢/ ٦٤٤/٩٣٤)].

جا بەو دوو پۆشاكە ئەوەندەی تر سزای ئافرەتی شیوەن كەر ناڕەحەت تر دەبێت .

وە(أبُومُوْسَى) (خوای لێ رازی بێت) فەرمووی: (( **أَنَا بَرِيْءٌ مِمَنْ بَرِيْءَ مِنْهُ رَسُوْلُ اللهِ** ( ﷺ) **فَإِنَّ رَسُوْلَ اللهِ** ( ﷺ) **بَرِيْءَ مِنَ الصَّالِقَةِ وَالحَالِقَةِ وَالشَّاقَةِ** )) واتە: من بەریم لەوەی پێغەمبەری خوا ( ﷺ) خۆی لێ بەریی كردوە ، لە ئافرەتێك دەنگ بەرز كاتەوە وشیوەن بكات ، وە لە ئافرەتێكیش سەری بتاشێت لە بەر موسیبەت ، وە لە ئافرەتێكیش كراسەكەی دەدڕێت [رواه البخاري (٣/١٦٥/ ١٢٩٦) ومسلم(١/١٠٠/١٠٤) وغيرهما].

# ئەوانەی پێویستە بۆ مردو بکرێت
# ( مَا يَجِبُ لِلْمَيِّت )
## یەکەم : شۆردنی مردو

**مردو شۆردن پێویست(وَاجِب)ە لە سەر زیندووان [٢٨٠] ،**

(٢٨٠) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس ) (خوایان لیٚ رازی بێت) کەوا فەرمووی : پیاوێك ووشترەکەی ملی شکاند و ئێمەش لە گەڵ پێغەمبەری خوادا بووین (ﷺ) ، جا ئەویش (إِحْـرَام)ی بەستبوو ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **إِغْسِلُوْهُ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ ، وَكَفِّنُوْهُ فِي ثَوْبَيْنِ ، وَلاَ تُحَنِّطُوْهُ ، وَلاَ تُخَمِّرُوْا رَأْسَهُ ، فَإِنَّ اللهَ يَبْعَثُهُ يَوْمَ القِيَامَةِ مُلَبِّيَاً** )) واتە: بیشۆرنەوە بە ئاو و بە(سِدْر) ، وە کفنی بکەن لە دوو پۆشاکدا ، وە بۆنی خۆشی لیٚ مەدەن و سەری دامەپۆشن ، چونکە خوای گەورە لە رۆژی قیامەتدا بە(مُلَبِيَاً) زیندوی دەکاتەوە [رواه البخاري (٣/١٣٧/ ١٢٦٧) ومسلم(٢/٨٦٥/ ١٢٠٦)] .

(**مُلَبِيَاً**) واتە: بە ئیبحرامەوە و بەدەم ووتنی ((**لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ لاَ شَرِيْكَ لَكَ** ... )) .

وە لە بەر فەرموودەکەی (أُمِّ عَطِيَّةَ الأَنْصَارِيَة) (خوای لیٚ رازی بێت) کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتە ژوورەوە بۆ لامان کاتێك کە کچەکەی وەفاتی کرد ، جا فەرمووی: (( **إِغْسِلْنَهَا ثَلاَثَاً أَوْ خَمْسَاً أَوْ أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ إِنْ رَأَيْتُنَّ ذَلِكَ ، بِمَاءٍ وَسِدْرٍ ، وَاجْعَلْنَ فِي الآخِرَةِ كَافُوْرَاً أَوْ شَيْئَاً مِنْ كَافُوْرٍ** ... واتە: بیشۆرنەوە سێ جار یان پێنج جار یان زیاتر لەوە ئەگەر بە باشتان بینی ، بە ئاو و بە(سِدْر) ، وە لە دوایین جاریدا (كَافُوْر)ی تێکەڵ بکەن یان هەندێك لە(كَافُوْر) ... [رواه البخاري(٣/١٢٥/١٢٥٣) ومسلم(٢/٦٤٦/٩٣٩)].

( سِدْر): گەڵای دار کنار(گوەیژ)ە .

**وە ئەگەر کەس وکاری خۆی بیکات ئەوە چاکترە ، بە مەرجێك ئەگەر یەك رەگەز(جِنْس) بن[٢٨١]، وە دروستە ئافرەت پیاوی خۆی بیشواتەوە ، وە هەروەها بە پێچەوانەیشەوە[٢٨٢]، وە سێ جار دەیشۆرێت یان پێنج یان زیاتر**

**بە ئاو و شتێك لاشەی پاك بكاتەوە ، وە دواین جاریشی هەندێك بۆنی خۆش تێكەڵ بە ئاوەكە دەكرێت**(٢٨٣) ،

(٢٨١) چونگە ئەوانەی پێغەمبەری خوایان شۆردووە خزم وكەسەكانی خۆی بوون ، (عَلي)(خوای لێ رازی بێت) دەفەرمێ : (( **غَسَلْتُ رَسُوْلَ الله** ( ﷺ) **فَجَعَلْتُ أَنْظُرُ مَا يَكُوْنُ مِنْ المَيِّتِ فَلَمْ أَرَ شَيْئَاً ، وَكَانَ طَيِّباً حَيَّاً وَمَيِّتَاً**( ﷺ) )) واتە: پێغەمبەری خوام (ﷺ) شۆردەوە ، جا تەماشام كرد ، ئەوەی كە لە مردودا دیارە ، هیچم نەبینی و پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە زیندویی و بە مردویی هەر بۆن خۆش و جوان بوو [رواه ابن ماجة (١٤٦٧/٤٧١/١) وهو حديث صحيح ، بروانە صحيح إبن ماجة(١١٩٨)] .

وە ئەوەی كە دەڵێین یەك ڕەگەز بن _ واتە ئافرەت ئافرەت بیشواتەوە ، وە پیاویش پیاو بیشواتەوە _ ، چونكە بینینی عەورەتی یەكتر حەرامە بە زیندویی و بە مردوییش .

(٢٨٢) لە بەر فەرموودەكەی (عَائِشَةَ) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە(بَقِيْع) گەڕایەوە بینی من سەرم دەیەشێت و دەڵێم : ئای سەرم ، جا ئەویش فەرمووی: (( **بَلْ أَنَا وَا رَأْسَاهُ ، مَا ضَرُّكِ لَوْ مِتِّ قَبْلِي فَغَسَلْتُكِ وَكَفَنْتُكِ ثُمَّ صَلَّيْتُ عَلَيْكِ وَدَفَنْتُكِ** )) واتە: بەڵكو من ئای سەرم ، ئەی(عَائِشَة) ، پاشان فەرمووی: چی زیانێكت كردوە ئەی(عَائِشَة) ، ئەگەر پێشی من بمریت ئەوە لە سەرت ڕادەوەستام و دەمشۆردیت و كفنم دەكردیت و نوێژم لە سەر دەكردیت و دەفنم دەكردیت (دەمناشتیت) [رواه ابن ماجة (١٤٦٥/٤٧٠/١) والدار القطني (١١/٧٤/٢) والدارمي (٣٧/١-٣٨) وهو حديث صحيح ، بروانە صحيح إبن ماجة(١١٩٧)].

(٢٨٣) لە بەر فەرموودەكەی (أُمِّ عَطِيَّةَ الأَنْصَارِيَّة)(خوای لێ رازی بێت) بروانە (پ٢٨٠).

**مەگەر(إِحْرَام)ی حەججی بەستبێت[(٢٨٤)]، وە لە لای راستەوە ولە ئەندامەکانی دەست نوێژەوە دەست بە شۆردنی دەکرێت[(٢٨٥)]، وە ئەو کەسەی لە جەنگی بێباوەڕاندا دەکوژرێت ناشۆرڕێتەوە[(٢٨٦)]، با لەش گرانیش بووبێت[(٢٨٧)]، وە سوننەتیشە بۆ ئەو کەسەی مردو دەشۆرێتەوە خۆی بشوات[(٢٨٨)] .**

(٢٨٤) ئەو مردوەی کە(إِحْرَام)ی حەججی بەستووبێت ئاوەکەی بۆنی خۆشی تێکەڵ ناکرێت ، لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ رازی بێت) بڕوانە(پ٢٨٠) .

(٢٨٥) لە بەر فەرموودەکەی (أُمِّ عَطِيَةَ الأَنْصَارِيَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا ( ﷺ) پێیانی فەرموو ، کاتێك کە(زَيْنَب)ی کچیان شۆردەوە : (( **إِبْدَأْنَ بِمَيَامِنِهَا وَمَوَاضِعِ الوُضُوْءِ مِنْهَا** )) واتە: لە لای ڕاستەوە و لە ئەندامەکانی دەست نوێژەوە دەست بە شۆردنی بکەن [رواه البخاري (١٢٥٥/١٣٠/٣) ومسلم (٩٣٩/٦٤٨/٢)].

(٢٨٦) لە بەر فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله)(خوایان لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا ( ﷺ) کوژراوەکانی (أُحُد)ی دوو دوو لە پۆشاکێکدا کۆی دەکردەوە ، پاشان دەیفەرموو: (( **أَيُّهُم أَكْثَرُ أَخْذاً لِلْقُرْآن** ؟)) واتە: کامەیان زۆرتر قورئانی وەرگرتووە ؟ جا ئەگەر ئاماژە بۆ یەکێکیان بکرایە لە (لَحْد)ە کەدا پێش دەخرا ، وە دەیفەرموو : (( **أَنَا شَهِيْدٌ عَلَى هَؤُلَاء** )) واتە: من شایەتم لە سەر ئەمانە . جا فەرمانی دا کەوا بە خوێنەکانیانەوە بنێژرێن ، وە نوێژی لە سەر نەکردن ونەیشیشۆردنەوە [رواه البخاري (١٣٤٧/٢١٢/٣)].

## تێبینی:

ئەو شەهیدانەی کە لە جەنگی بێ باوەڕاندا نەکوژراون وەك ، خنکا و ڕێبوار و ئەوەی بە نەخۆشی (**طَاعُون**) مردوە ، وە ئەوەی بە ناوسك ئێشە مردوبێت ، وە ئەوەی دیوار و خانوو بە سەریدا ڕوخاو بێت و ... ئەمانە دەشۆررێنەوە و نوێژیشیان لە سەر دەکرێت ، بە بێ هیچ جیاوازییەك . (النَّوَوِي) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) وای فەرمووە لە [المجموع شرح المهذب (٢٦٤/٥)] دا ، وە هەروەها (المَهْدِي)یش لە[ البحر (٩٦/١)]دا یە کڕای(إِجْمَاع)ی هێناوەتەوە لە سەر ئەوەی کە ئەمانە دەشۆررێنەوە .

(٢٨٧) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن الزُّبَيْر) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: بیستم پێغەمبەری خوا ( ﷺ) کاتێك کە(حَنْظَلَةُ بن أَبِي عَامِر) کوژرا ، پاش ئەوەی بەرانبەری (أَبُو سُفْيَان) وەستاوە ، جا (شَدَّادُ بنُ الأَسْوَد) بەرز بویەوە بە سەریدا و بە

شمشێر لێیدا وکوشتی ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **إِنَّ صَاحِبَكُمْ تَغْسِلُهُ المَلاَئِكَةُ فَاسْأَلُوْا صَاحِبَتَهُ** )) واتە: بە ڕاستی هاوڕێکەتان فریشتە دەیشواتەوە ، پرسیار لە خێزانەکەی بکەن . ئەویش ووتی: کاتێك (حَنْظَلَة) بانگی غەزای بیست دەرچوو ، لەشی گران بوو ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **لِذَلِكَ غَسَلَتْهُ المَلاَئِكَةُ** )) واتە: لە بەر ئەوە فریشتەکان شۆردیانەوە [رواه الحاكم (٥٠٤/٣) صحيح على شرط مسلم ولم يخرجاه ووافقه الذهبي ، ورواه البيهقي أيضا (١٥/٤) وسنده صحيح و رواه الطبراني في الكبير وقال الهيثمي وإسناده حسن ، بڕوانە صحيح السيرةالنبوية لإبراهيم العلي (ص٢١٤ الفقرة:٣٣٩–٣٤٠)].

(٢٨٨) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُوهُرَيْرَة و إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لی ڕازیٚ بێت) ، بڕوانە (پ ٦٦) .

## دووەم: دا پۆشین( کفن )ی کردنی مردو
## ( تَكْفِيْنُ المَيِّت )

**پێویست(وَاجِب)ە مردو داپۆشرێت _ (کفن) بکرێت _ بە پۆشاکێك هەموو لاشەی داپۆشێت[(٢٨٩)] ، وە سوننەتە لە ماڵ و پارەی خۆی (کفن)ی بۆ بکرێت ، ئەگەر چی یەك جلیشی هەبێت[(٢٩٠)] ،**

(٢٨٩) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لی ڕازیٚ بێت) ، بڕوانە (پ ٨٠) .

وە لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو الزُّبَيْر) کەوا گوێی لە (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله) بوو (خوایان لیٚ رازی بێت) کەوا باسی ئەوەی دەگێڕایەوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژێك ووتاری دەدا ، جا باسی ئەوەی کرد کەوا پیاوێك لە هاوەڵەکانی گیانی کێشراوە و(کفن) کراوە بە نا تەواوی ، وە بە شەویش خراوەتە گۆڕ ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کرد کەوا پیاوێك لە شەودا بنرێتە گۆڕ تا نوێژی لە سەر دەکرێت ، مەگەر نەتوانرێت بمێنێتەوە تا ڕۆژ دەبێتەوە ، جا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (( **إِذَا كَفَّنَ أَحَدُكُمْ أَخَاهُ فَلْيُحْسِّنْ كَفَنَهُ** )) واتە: ئەگەر یەکێکتان کفنی براکەی کرد با بە چاکی کفنی بکات [رواه مسلم (٩٤٣/٦٥١/٢) وغيره].

(٢٩٠) لە بەر فەموودەکەی (خَبَابُ بنُ الأَرَت) (خوای لیٚ رازی بێت) کەوا فەرمووی: لە گەڵ پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) کۆچمان کرد مەبەستمان ڕەزامەندی خوا بوو ، جا پاداشتمان کەوتە لای خوای گەورە ، لێمان هەبوو مرد وهیچ لە پاداشتەکەی — لە دونیا — نەخوارد

لەوانە (مُصْعَبُ بنُ عُمَيْر) (خوای لیٚ رازی بیٚت) ، وە لیٚشمان هەیە بەرهەمەکەی پیٚگەیشتووە ، لێی دەکاتەوە ، _ جا(مُصْعَبُ بنُ عُمَيْر) _ لە ڕۆژی (أُحُد)دا کوژرا ، جا هیچمان نەبینیوە پیٚی کفن بکەین تەنها (بُرْدَه)یەك نەبیٚت ، ئەگەر سەریمان پیٚ بپۆشیایە هەردوو پیٚی دەکەوتە دەر ، وە ئەگەر هەردوو پیٚیمان پیٚی داپۆشیایە سەری دەکەوتە دەر ، جا پیٚغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پیٚ کردین کەوا سەری داپۆشین و(الأذْخِر) بە سەر هەردوو پیٚیدا بکەین [رواه البخاري (٣/١٤٢/١٢٧٦) ومسلم (٢/٦٤٩/٩٤٠)] .

(الأذخر): جۆرە ڕووکیٚکی مەککەیە.

**وە سوننەتیشە ئەگەر هەیبیٚت لە سیٚ پۆشاکی سپیدا (کفن)بکریٚت ، کەوا کراس وکلاٚوی تیٚدا نەبیٚت(٢٩١) ، وە بۆنی خۆشیشی پیٚوە بکریٚت(٢٩٢).**

**وە شەهیدی جەنگ هەر بە پۆشاکی خۆیەوە ژێر خاك(دَفْن)دەکریٚت(٢٩٣)، وە هەروەها کەسیٚکیش (إِحْرَام)ی حەججی بەستووبیٚت هەر بە پۆشاکی خۆیەوە ژێر خاك دەکریٚت ، بەلاٚم سەری داناپۆشریٚت و بۆنی پیٚوە ناکریٚت(٢٩٤) .**

(٢٩١) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لیٚ رازی بیٚت) کەوا فەرمووی: (( **دَخَلْتُ عَلَى أَبِي بَكْرٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ ، فَقَالَ: فِي كَمْ كَفَّنْتُمُ النَّبِيَّ ( ﷺ) ؟ قَالَتْ: فِي ثَلاَثَةِ أَثْوَابٍ بِيْضٍ سَحُوْلِيَّةٍ لَيْسَ فِيْهَا قَمِيْصٌ وَلاَ عِمَامَةٌ . وَقَالَ لَهَا: فِي أَيِّ يَوْمٍ تُوُفِّيَ رَسُوْلُ الله ( ﷺ) ؟ قَالَتْ: يَوْمَ الإِثْنَيْنِ . قَالَ: فَأَيُّ يَوْمٍ هَذَا ؟ قَالَتْ: يَوْمُ الإِثْنَيْنِ . قَالَ: أَرْجُوا فِيْمَا بَيْنِي وَبَيْنَ اللَّيْلِ . فَنَظَرَ إِلَى ثَوْبٍ عَلَيْهِ كَانَ يُمَرَّضُ فِيْهِ ، بِهِ رَدْعٌ مِنْ زَعْفَرَانٍ ، فَقَالَ: اغْسِلُوا ثَوْبِي هَذَا وَزِيْدُوا عَلَيْهِ ثَوْبَيْنِ فَكَفِّنُوْنِي فِيْهَا ، قُلْتُ: إِنَّ هَذَا خَلَقٌ . قَالَ: إِنَّ الحَيَّ أَحَقُّ بِالجَدِيْدِ مِنَ المَيِّتِ ، إِنَّمَا هُوَ لِلْمُهْلَةِ . فَلَمْ يُتَوَفَّ حَتَّى أَمْسَى مِنْ لَيْلَةِ الثُّلاَثَاءِ ، وَدُفِنَ قَبْلَ أَنْ يُصْبِحَ** )) واتە: چوومە ژوورەوە بۆ لای (أَبُوبَكْر) (خوای لیٚ رازی بیٚت) ، جا فەرمووی: لە چەند (کفن)دا پیٚغەمبەری خواتان ( ﷺ) (کفن) کرد ؟ ئەویش فەرمووی: لە سیٚ پۆشاکی سپی (سُحُولی)دا کەوا نە کراسی تیٚدا بوو و نە کلاٚویش ، وە پیٚی فەرموو: پیٚغەمبەری خوا ( ﷺ) لە چی ڕۆژیٚکدا وەفاتی کرد ؟ ووتی: لە ڕۆژی دوو شەممەدا . فەرمووی: ئەی ئەمڕۆ چی ڕۆژیٚکە ؟ ووتی: ڕۆژی دوو شەممەیە . فەرمووی: هیوام وایە لە نیٚوان من وشەودا . جا تەماشای پۆشاکیٚکی کرد کە لە

بەریدا بوو لە نەخۆشیێکەیدا ، پاشان فەرمووی: ئەم جلەی بەرم بشۆن و دوو پۆشاکی تری بۆ زیاتر بکەن و بیکەن بە(کفن) بۆم ، جا منیش ووتم: بە ڕاستی ئەم جلەی بەرت کۆن بووە ، فەرمووی: بێ گومان زیندو لە مردو مافدارترە بە پۆشاکە تازەکە ، ئەمەیش تەنها بۆ (مُهْلَه)یە – (مُهْلَة): ئەو چڵکە شلەیە کە لە مرۆڤەوە دەردەچێت پاش مردن – جا وەفاتی نەکرد تا ئێوارەی سێشەممە ، جا پێش ئەوەی بەیانی ببێتەوە (دَفْن)کرا [رواه البخاري (٣/٢٥٢/١٣٨٧)] .

(٢٩٢) لە بەر ئەو فەرموودەیەی کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **إِذَا جَمَّرْتُمْ ، فَأَجْمِرُوُهُ ثَلاَثَاً** )) واتە: ئەگەر بۆن خۆشتان کرد ، ئەوە سێ جار بۆنی خۆشی پێوە بکەن [رواه أحمد (٣/٣٣١) والحاكم (١/٣٥٥) وقال صحيح على شرط المسلم ووافقه الذهبي وصححه النووي في المجوع (٥/١٩٦) والألباني في احكام الجنائز (ل٦٤)] .

وە (أَبُو سَعِيْد و إِبْنُ عُمَر و إِبْنُ عَبَّاس)(خوایان لێ رازی بێت) وەسیێتیان کردوە کەوا (کفن)ەکانیان بۆن خۆش بکرێت [فقه السنة(١/٤٣٦)] .

(٢٩٣) لە بەر فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله) (خوایان لێ رازی بێت) بڕوانە(پ٢٨٦) .

وە بۆ کۆژراوەکانی (أُحُد) پێغەمبەری خوا ( ﷺ) فەرمووی: (( **زَمِّلُوْهُمْ فِي ثِيَابِهِمْ** )) واتە: هەر بە جل و بەرگەکانی خۆیانەوە بیانپێچنەوە [رواه أحمد (٥/٤٣١) بهذا اللفظ ، بروانە أحكام الجنائز(ل٦٠)].

(٢٩٤) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ رازی بێت) بڕوانە (پ ٢٨٠).

## سێ یەم: نوێژی مردو

## ( صَلاةُ المَيِّت )

**نوێژی مردو فەرزی (کفَایَه)یە** [٢٩٥]،

---

(٢٩٥) لە بەر ئەوەی لە پێغەمبەری خوا ( ﷺ) و هاوەڵانیەوە وا(ثَابِت) بووە کەوا فەرمانیان پێ کردوە ، وە بە بەردەوامیش کردویانە ، لەوانە فەرموودەکەی (زَيْدُ بنُ خَالِدَ الجُهَنِي) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پیاوێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕۆژی (خَيْبَر)دا وەفاتی کرد ، جا بۆ پێغەمبەری خوایان (ﷺ) باس کرد ، ئەویش فەرمووی: (( **صَلُّوْا عَلَى**

**صَاحِبِكُم** ، ... )) واتە: نوێژ لە سەر هاوڕێكەتان بكەن ، ... [رواه أبو داود (٢٦٩٣/٣٧٨/٧) وإبن ماجة (٢٨٤٨/٩٥٠/٢) والنسائي (٦٤/٤)].

وە جاری وایش هەبووە لە ژیانی پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) نوێژیان لە سەر مردو كردوە و بە پێغەمبەری خوایشیان ڕانەگەیاندوە ، وەك لە فەرموودەكەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) هاتوە كەوا فەرمووی: (أَسْوَد) – پیاوێك بوو یان ئافرەتێك بوو – خزمەتی مزگەوتی دەكرد مرد ، وە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئاگادار نەبوو بە مردنی ، جا ڕۆژێك باسی كرد ، فەرمووی ((**مَا فَعَلَ ذَلِكَ الأَنْسَان ؟**)) واتە: ئەوە چی بە سەردا هات ؟ ووتیان: مرد ئەی پێغەمبەری خوا ، فەرمووی: (( **أَفَلاَ آذَنْتُمُوْنِي** ؟ )) واتە: ئەی بۆ منتان ئاگادار نەكردەوە ؟ ئەوانیش ووتیان: ئەو وابوو ، وابوو _ باسی بە سەر هاتیان كرد _ (أَبُو هُرَيْرَة) ووتی: لە پلە و پایەیان كەم كردەوە ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **فَدُلُّوْنِي عَلَى قَبْرِهِ** )) واتە: گۆڕەكەیم پێ پیشان دەن . جا هاتە سەر گۆڕەكەی نوێژی لە سەر كرد [رواه البخاري (١٣٣٧/٢٠٤/٣) ومسلم (٩٥٦/٦٥٩/٢)].

## پێشەوا لە لای سەرێوە ڕادەوەستێ بۆ پیاو ، وە لە لای ناو ڕاستێوە بۆ ئافرەت(٢٩٦)، ڕوو بەرەو قیبلە(٢٩٧).

(٢٩٦) لە بەر فەرموودەكەی (أَبُو غَالِب الخَيَّاط) كەوا فەرمووی: (( **شَهِدْتُ أَنَسُ بْنُ مَالِك صَلَّى عَلَى جَنَازَةِ رَجُلٍ ، فَقَامَ عِنْدَ رَأْسِهِ ، فَلَمَّا رُفِعَ ، أُتِيَ بِجَنَازَةِ امْرَأَةٍ مِنْ قُرَيْشٍ أَوْ مِنَ الأَنْصَارِ ، فَقِيْلَ لَهُ : يَا أَبَا حَمْزَةَ هَذِهِ جَنَازَةُ فُلاَنَةُ ابْنَةُ فُلاَنَةَ فَصَلِّ عَلَيْهَا ، فَصَلَّى عَلَيْهَا ، فَقَامَ وَسَطَهَا ، وَفِيْنَا العَلاَءُ بْنُ زِيَادٍ العَدَوِي ، فَلَمَّا رَأَى اخْتِلاَفَ قِيَامِهِ عَلَى الرَّجُلِ وَالمَرْأَةِ ، قَالَ: يَا أَبَا حَمْزَةَ هَكَذَا كَانَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) يَقُوْمُ حَيْثُ قُمْتَ ، وَمِنَ المَرْأَةِ حَيْثُ قُمْتَ ؟ قَالَ: نَعَمْ ، قَالَ: فَالْتَفَتَ إِلَيْنَا العَلاَءُ ، فَقَالَ: احْفَظُوا** )) واتە: لە گەڵ (أَنَسُ بنُ مَالِك)دا (خوای لێ رازی بێت) نوێژم لە سەر جەنازەی پیاوێك كرد ، جا لە لای سەرێوە ڕاوەستا ، پاشان جەنازەی ئافرەتێكی (قُرَيْش) یان (أَنْصَار)یان هێنا و ووتیان: ئەی (أَبُو حَمْزَة) نوێژی لە سەر بكە ، جا لای ناو ڕاستی جێگاكەوە ڕاوەستا _ جەنازەكە بە سەر جێگایەكەوە بوو _ ، جا (العَلاَءُ بنُ زِيَاد العَدَوِي)مان لە ناودا بوو ، كاتێك بینی ڕاوەستانەكەی بۆ پیاو وئافرەت جیاواز بوو ، ووتی : ئەی (أَبُو حَمْزَة) ، بەم شێوەیە پێغەمبەری خوات بینیوە ڕاوەستاوە لە سەر جەنازە ، وە

له سەر ئافرەتیش بەو شێوەیەی تۆ ڕاوەستا ، ئەویش فەرمووی: بەڵێ ، (أَبُو غَالِب) فەرمووی: جا (عَلَاء) بەری کردە لامانەوە و فەرمووی: ئەمە لە بەر بکەن [رواه ابو داود (٣/٥٣٣/٣١٩٤) والترمذي (٣/٣٥٢/١٠٣٤) وأبن ماجة (١/٤٧٩/١٤٩٤) وهو حديث صحيح ، بروانە المشكاة(١٦٧٩) وصحيح إبن ماجة(١٢١٤)].

(٢٩٧) چونکە ئەمەیش نوێژە و هەر وەکو نوێژەکانی تر وایە ، وە لە بەر(أثر)ەکەی (نَافِع) لە (إِبْنُ عُمَر)ەوە (خوایان لێ ڕازی بێت) (( **أَنَّهُ صَلَّى عَلَى تِسْعِ جَنَائِزِ جَمِيْعَاً ، فَجَعَلَ الرِّجَالَ يَلُوْنَ الإِمَام ، وَالنِّسَاءَ يَلِيْنَ القِبْلَة ، فَصَفَّهُنَّ صَفَّاً وَاحِداً ، وَوُضِعَتْ جَنَازَةُ أُمّ كُلْثُوم بِنْت عَلِي ، إِمْرَأَةُ عُمَرُ بْنُ الخَطَّاب ، وَإِبْنُ لَهَا يُقَالُ لَهُ: زَيْد ، وَضَعَاً جَمِيْعَاً . وَالإِمَامُ يَوْمَئِذٍ سَعِيْدُ بْنُ العَاص ، وَفِي النَّاسِ إِبْنُ عُمَر ، وَأَبُو هُرَيْرَة ، وَأَبُوسَعِيْد ، وَأَبُو قَتَادَة ، فَوُضِعَ الغُلَامُ مِمَّا يَلِي الإِمَام . فَقَالَ رَجُلٌ: فَأَنْكَرْتُ ذَلِكَ ، فَنَظَرْتُ إِلَى إِبْنِ عَبَّاس ، وَأَبِي هُرَيْرَة ، وَأَبِي سَعِيْد ، وَأَبِي قَتَادَة ، فَقُلْتُ: مَا هَذَا ؟ قَالُوا: هِيَ السُّنَّة** )) واتە: کەوا (إِبْنُ عُمَر) نوێژی لە سەر نۆ جەنازە کرد پێکەوە ، جا — جەنازەی پیاوانی لە پاش پێشەوا(إِمَام)وە دانا ، وە _ جەنازەی _ ئافرەتانی لە پاش قیبلەوە — لە نێوان پێشەواو قیبلە — دانا ، جا کردنی بە یەك ڕیز _ لە سەر درێژایی _ ، وە جەنازەی (أُمّ كَلْثُوْم بِنْت عَلِي)ی خێزانی (عُمَرُ بنُ خَطَّاب) و کوڕێکیشی کە (زَيْد)ی ناو بوو بە یەکەوە دانا ، وە پێشەوایش لەو ڕۆژەدا (سَعِيْدُ بنُ العَاص)بوو ، وە (إِبْنُ عَبَّاس وأَبُو هُرَيْرَة وأَبُو سَعِيْد وأَبُو قَتَادَة) یش لە ناو خەڵکەکەدا بوون ، جا منداڵەکەی لە پیش پێشەواوە دانا ، جا پیاوێك ووتی: من ئەوەم بە باش نەزانی ، جا تەماشای (إِبْنُ عَبَّاس وأَبُو هُرَيْرَة وأَبُو سَعِيْد وأَبُو قَتَادَة)م کرد ، ووتم: ئەمە چیە ؟ ووتیان: ئەمە: سوننەتە [رواه النسائى (٤/٧١) وهو أثر صحيح بروانە صحيح النسائى(١٨٦٩) وأحكام الجنائز (ل ١٠٣)].

---

**چوار (اللهُ أَكْبَر)ی لە سەر دەکات[٢٩٨]، یان زیاتر تا نۆ(٩)(اللهُ أَكْبَر) بە (اللهُ أَكْبَر) ی دابەستنی نوێژەکەوە[٢٩٩]، لە پاش (اللهُ أَكْبَر)ی یەکەم سورەتی(الفَاتِحَة) وسورەتێکی تر دەخوێنێت[٣٠٠]،**

---

(٢٩٨) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا ((**أَنَّ رَسُوْلَ الله** (ﷺ) **نَعَى النَّجَاشِي فِي اليَوْمِ الَّذِي مَاتَ فِيْهِ خَرَجَ إِلَى المُصَلَّى فَصَفَّ بِهِمْ وَكَبَّرَ أَرْبَعَاً** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی مردنی (نَجَاشِي) بڵاو کردەوە لەو ڕۆژەدا کە

تێیدا وەفاتی کرد ، جا دەرچوو بۆ (مُصَلَّى) و خەڵکەکەی ڕیز کرد و چوار( اللهُ أكْبَر)ی لە سەر کرد [رواه البخاري (٣/١١٦/٢٤٥) ومسلم (٢/٦٥٦/٩٥١) وغيرهما].

(٢٩٩) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالرَّحْمَن بن أَبِي لَيْلَي) کەوا فەرمووی: (( **كَانَ زَيْدٌ يُكَبِّرُ عَلَى جَنَائِزِنَا أَرْبَعاً ، وَإِنَّهُ كَبَّرَ عَلَى جَنَازَةٍ خَمْساً ، فَسَأَلْتُهُ فَقَالَ: كَانَ رَسُولُ اللهِ ( ﷺ) يُكَبِّرُهَا** )) واتە: (زَيْدُ بْنُ أَرْقَم) لە سەر جەنازەکانمان چوار(تَكْبِيْر)ی دەکرد ، بەڵام ڕۆژێك لە سەر جەنازەیەك پێنج (تَكْبِيْر)ی کرد ، جا پرسیارم لێ کرد ئەویش فەرمووی: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) بەم شێوەیە (تَكْبِيْر)ی دەکرد [رواه مسلم (٢/٦٥٩/٩٥٧) وغيره] .

وە لە بەر (أَثَر)ەکەی (عَبْدُالله بن مَعْقِل) کەوا فەرمووی: (( **أَنَّ عَلِيَّ بْنَ أَبِي طَالِبٍ صَلَّى عَلَى سَهْلِ بْنِ حَنِيْفٍ ، فَكَبَّرَ عَلَيْهِ سِتّاً ، ثُمَّ الْتَفَتَ إِلَيْنَا ، فَقَالَ: إِنَّهُ بَدْرِي** )) واتە: (عَلِيُّ بنُ أَبِي طَالِب) لە سەر (سَهْلُ بنُ حَنِيْف) شەش (اللهُ أكْبَر)ی کرد ، پاشان ڕووی کردە لامانەوە و فەرمووی: ئەمە لەوانەن کە لە ( بَدْر)دا بەشدارییان کردووە [رواه الحاكم (٣/٤٠٩) والبيهقي (٤/٣٦) وإسناده صحيح ، بروانه أحكام الجنائز(ل١١٣)].

وە (مُوسَى بنُ عَبْدالله بن زَيْد) فەرمووی: (( **أَنَّ عَلِيَاً صَلَّى عَلَى أَبِي قَتَادَةَ فَكَبَّرَ عَلَيْهِ سَبْعَاً وَكَانَ بَدْرِيَاً** )) واتە: (عَلِي) (خوای لێ ڕازی بێت) نوێژی لە سەر (أَبُو قَتَادَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کرد ، جا حەوت (اللهُ أكْبَر)ی لە سەر کرد ، وە(أَبُو قَتَادَة) لە جەنگی (بَدْر)دا بەشداری کردبوو [رواه البيهقي (٤/٣٦) وإسناده صحيح بروانه أحكام الجنائز(ل١١٤) ].

وە(عَبْدُ خَيْر) فەرمووی: (( **كَانَ عَلِي رَضِيَ اللهُ عَنْهُ يُكَبِّرُ عَلَى أَهْلِ بَدْرٍ سِتَّاً ، وَعَلَى أَصْحَابِ النَّبِيِّ (ﷺ) خَمْسَاً ، وَعَلَى سَائِرِ النَّاسِ أَرْبَعَاً** )) واتە: ئیمامی (عَلِي) (خوای لێ ڕازی بێت) لە سەر ئەوانەی لە(بَدْر)دا بەشدارییان کردووە شەش (اللهُ أكْبَر)ی دەکرد ، وە لە سەر هاوەڵانی تری پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێنج(اللهُ أكْبَر)ی دەکرد ، وە لە سەر خەڵکی تر چوار(اللهُ أكْبَر)ی دەکرد... [رواه الدار القطني(٢/٧٣/٧) والبيهقي(٤/٣٧) وأسناده صحيح ، بروانه أحكام الجنائز(ل١١٣)] .

وە هەروەها فەرموودەکەی (عَبْدُالله بنِ الزُّبَيْر) و (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا ( ﷺ) نۆ (اللهُ أكْبَر)ی کرد لە سەر (حَمْزَه) (خوای لێ ڕازی بێت) [رواه الطحاوي في معاني الآثار (١/٢٠٩) والطبراني في الكبير (٣/١٠٧-١٠٨) وإسناده حسن ، بروانه أحكام الجنائز للألباني (ل ١٠٤،٨٢)].

(٣٠٠) لە بەر فەرموودەكەی (طَلْحَةُ بنُ عَبْدالله بن عَوْف) كەوا فەرمووی: (( **صَلَّيْتُ خَلْفَ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا عَلَى جِنَازَةٍ ، فَقَرَأَ بِفَاتِحَةِ الكِتَابِ [ وَسُورَة ، وَجَهَرَ حَتَّى أَسْمَعَنَا ، فَلَمَّا فَرَغَ أَخَذْتُ بِيَدِهِ ، فَسَأَلْتُهُ ؟ فَ]قَالَ: [ إِنَّمَا جَهَرْتُ ] لِتَعْلَمُوا أَنَّهَا سُنَّةٌ [ وَحَقٌّ ]** )) واتە: لە پشتی (إِبْنُ عَبَّاس)ەوە (خوایان لێ رازی بێت) نوێژم كرد لە سەر جەنازەیەك ، جا(فَاتِحَةُ الكِتَاب) و سورەتێكی تری خوێندەوە ، وە دەنگیشی بەرز كردەوە تا وەكو بیستمان ، جا فەرمووی : من دەنگم بەرز كردەوە بۆ ئەوەی بزانن كەوا سوننەتە و حەققە [رواه البخاري (١٣٣٥/٢٠٣/٣) وأبي داود(٣/رقم/٣١٩٨) والترمذي(١٠٣٢/٢٤٦/٢) وإبن ماجة(١٤٩٥/٤٧٩/١) والنسائي (١٩٨٧/٧٤/٤) وإبن جارود في المنتقى(٢٦٤) والسياق للبخاري ، والزيادة الأولى للنسائي ، وسندها صحيح ، ولإبن الجارود منها ذكر السورة ، ولهما الثالثة بالسند الصحيح ، وللحاكم الثانية من طريق أخرى عن إبن عباس بسند حسن ، بروانە أحكام الجنائز(ل١١٩) ].

**وە پاش (اللهُ أَكْبَر)ی دووەم سەڵاواتی ئیبراهیمی دەخوێنێت ، وە پاش (اللهُ أَكْبَر)ی سێیەم و ئەو(تَكْبِيْر)ەكانی تریش ئەو دوعایانە دەخوێنێت كە لە سوننەتدا هاتووە[٣٠١]،**

(٣٠١) لە بەر فەرمودەكەی (أَبُو أُمَامَة) كەوا یەكێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی پێ داوە: (( **أَنَّ السُّنَّةَ فِي الصَّلَاةِ عَلَى الجَنَازَةِ أَنْ يُكَبِّرَ الإِمَام ، ثُمَّ يَقْرَأُ بِفَاتِحَةِ الكِتَابِ بَعْدَ التَّكْبِيْرَةِ الأُوْلَى سِرّاً فِي نَفْسِهِ ، ثُمَّ يُصَلِّي عَلَى النَّبِيِّ (ﷺ) ، وَيخلصَ الدُّعَاء لِلجَنَازَةِ فِي التَّكْبِيْرَاتِ (الثَّلَاث) ، لاَ يَقْرَأُ فِي شَيْءٍ مِنْهُنَّ ، ثُمَّ يُسَلِّمُ سِرّاً فِي نَفْسِهِ** )) واتە: كەوا سوننەت وایە لە نوێژی جەنازەدا پێشەوا (اللهُ أَكْبَر) بكات پاشان (فَاتِحَةَ الكِتَاب) پاش(اللهُ أَكْبَر)ی یەكەم بخوێنێت بە بێ دەنگی لە بەر خۆیەوە ، پاشان سەڵاوات لە سەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) بدات ، وە دوعا بە(إِخْلَاص)ەوە بۆ مردوەكە بكات لە پاش سێ(اللهُ أَكْبَر)كەی تر ، وە لە(اللهُ أَكْبَر)ەكانی تردا هیچ قورئانی تێدا ناخوێنێت ، پاشان بە دەنگێكی نزم لە بەر خۆیەوە (سَلَام) دەداتەوە _ بە لای ڕاستیدا _
[رواه الشافعي في الام(٢٣٩/١-٢٤٠) ومن طريق البيهقي (٣٩/٤) وابن جارود (٢٦٥) عن الزهري عن ابي امامة بروانە أحكام الجنائز (ل١٢١-١٢٢)] .

**وە ئەم دوعایانە لە سوننەتدا هاتووە:**

(أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی لە سەر جەنازەیەك كرد و فەرمووی: (( اللَّهُمَّ إِغْفِرْ لِحَيِّنَا وَمَيِّتِنَا وَصَغِيْرِنَا وَكَبِيْرِنَا وَذَكَرِنَا وَأُنْثَانَا وَشَاهِدِنَا وَغَائِبِنَا ، اللَّهُمَّ مَنْ أَحْيَيْتَهُ مِنَّا فَأَحْيِهِ عَلَى الإِيْمَانِ وَمَنْ تَوَفَّيْتَهُ مِنَّا فَتَوَفَّهُ عَلَى الإِسْلَامِ ، اللَّهُمَّ لاَ تَحْرِمْنَا أَجْرَهُ وَلاَ تُضِلَّنَا بَعْدَهُ )) واتە: خوایە لە زیندو ومردو وگەورە وبچوك ونێر ومێ و ئامادە بوو وئامادە نەبوومان ببورە ، خوایە ئەوەمان بە زیندووی هێڵاوتتەوە ئەوە لە سەر باوەڕ بیهێڵیتەوە ، وە ئەوەشمانت دەمرێنی لە سەر ئیسلام بیمرێنە ، خوایە لە پاداشتی ئەم مردوە بێ بەشمان مەكە وەلە دوای ئەوەش گومڕامان مەكە [رواه ابو داود(٣/٥٣٩/٣٢٠١) والترمذي (٣/٣٤٣/١٠٢٤) وابن ماجة(١/٤٨٠/١٤٩٨) وهو صحيح بڕوانە المشكاة(١٦٧٥) وصحيح إبن ماجة(١٢١٧)].

وە فەرموودەكەی (عَوْفُ بنُ مَالِكٍ الأَشْجَعِي)(خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو( ﷺ) كاتێ نوێژی لە سەر جەنازە دەكرد دەیفەرموو: (( اللَّهُمَّ إِغْفِرْ لَهُ وَارْحَمْهُ وَاعْفُ عَنْهُ وَعَافِهِ وَأَكْرِمْ نُزُلَهُ وَوَسِّعْ مَدْخَلَهُ وَاغْسِلْهُ بِمَاءٍ وَثَلْجٍ وَبَرَد ، وَنَقِّهِ مِنَ الخَطَايَا كَمَا يُنَقِّي الثَّوْبُ الأَبْيَضُ مِنَ الدَّنَسِ ، وَأَبْدِلْهُ دَاراً خَيْراً مِنْ دَارِهِ ، وَأَهْلاً خَيْراً مِنْ أَهْلِهِ وَزَوْجَاً خَيْراً مِنْ زَوْجِهِ ، وَقِهِ فِتْنَةَ القَبْرِ وَعَذَابَ النَّارِ )) واتە: خوایە لێی ببورە و بەزەیيت پێیدا بێتەوە و عەفوی بكە و بیپارێزە ، وە رێزی لێ بگرە وشوێنی چاك بكە ، وە بیشۆرەوە لە گوناهەكانی بە ئاو و بەور و تەرزە ، وە پاكی بكەرەوە وەك چۆن جلی سپی لە چڵك پاك دەكرێتەوە ، وە ماڵێكی بدەرێ لە ماڵەكەی دونیای باشتر بێت ، وە كەس وكارێك لە كەس وكاری خۆی باشتر ، وە ژنێك لە ژنەكەی خۆی باشتر ، وە بیپارێزە لە فیتنەی گۆڕ و سزای دۆزەخ . (عَوْف) فەرمووی: جا ئاواتە خواز بووم كەوا من ئەو مردوە بوایەم ، بۆ ئەو دوعایەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) كە بۆی كرد [رواه مسلم (٣/٥٩-٦٠) والنسائي(١/٢٧١)وابن ماجة(١/٤٢٥٦)].

**پاشان دوو(سَلَام)دەداتەوە وەكو نوێژەكانی تر[٣٠٢]، وە دەتوانێت تەنها یەك (سَلَام)یش بداتەوە[٣٠٣].**

وە سوننەتە قورئان خوێندنەکە بە دەنگی نرم بێت[٣٠٤]، وە دەست تەنها بۆ(اللهُ أَكْبَـر)ی یەکەمی بەرز بکاتەوە[٣٠٥]، وە دەستی ڕاستی بخاتە سەر دەستی چەپی ولە سەر سینگی دابنا ، هەر وەکو نوێژەکانی تر[٣٠٦]، وە سوننەتە پێشەوا خەڵکەکە بکاتە سێ ڕیزەوە[٣٠٧]،

(٣٠٢) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن مَسْعُوْد) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **ثَلاَثُ خِلاَلٍ كَانَ رَسُوْلُ الله( ﷺ)يَفْعَلُهُنَّ ، تَرَكَهُنَّ النَّاسُ ، إِحْدَاهُنَّ التَّسْلِيْمُ عَلَى الجَنَازَةِ مِثْلِ التَّسْلِيْمِ فِي الصَّلاَةِ** )) واتە: سێ(٣) شت پێغەمبەری خوا ( ﷺ) دەیکرد ، ئێستا خەڵکی وازیان لێ هێناوە ، یەکێکیان (سَلاَم) دانەوەی جەنازەی وەك (سَلاَم) دانەوەی نوێژ دەدایەوە [رواه البيهقي (٤٣/٤) وقال النووي ( في المجموع (٢٣٩/٥) اسناده جيد ، وفي مجمع الزوائد(٣٤/٣)قال: رواه الطبراني في الكبير ورجالة ثقات ، وبالجملة فإنَّ إسناده حسن بروانه أحكام الجنائز(ل١٢٧)].

(٣٠٣) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْـرَة)(خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **أَنَّ رَسُوْلَ الله ( ﷺ) صَلَّى عَلَى جَنَازَةٍ فَكَبَّرَ عَلَيْهَا أَرْبَعاً ، وَسَلَّمَ تَسْلِيْمَةً وَاحِدَةً** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی لە سەر جەنازەیەك کرد ، جا چوار (اللهُ أَكْبَـر)ی کرد و یەك (سَلاَم)ی دایەوە [أخرجه الدار قطني (١٩١) والحاكم (٣٦٠/١) وإسناده حسن بروانه أحكام الجنائز(ل١٢٨)].

(٣٠٤) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو أُمَامَة) بروانە(پ ٣٠١) .

(٣٠٥) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) (( **أَنَّ رَسُوْلَ الله (ﷺ) كَبَّرَ عَلَى جَنَازَةٍ فَرَفَعَ يَدَيْهِ فِي أَوَّلِ تَكْبِيْرَةٍ ، وَوَضَعَ اليُمْنَى عَلَى اليُسْرَى** )) واتە: کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) (اللهُ أَكْبَر)ی لە سەر جەنازە دەکرد ، وە هەردوو دەستی بەرز دەکردەوە لە(اللهُ أَكْبَر) یەکەمدا ، وە دەستی ڕاستی لە سەر دەستی چەپی دادەنا [رواه الترمذي (١٦٥/٢) والدار قطني(١٩٢) وهذا الحديث سنده ضعيف ولكن يشهد له حديث إبن عباس التالي الذي أخرجه الدار قطني ، بروانه أحكام الجنائز(ل١١٦) ].

وە فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن عَبَّاس)(خوایان لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی (( **أَنَّ رَسُوْلَ الله كَانَ يَرْفَعُ يَدَيْهِ عَلَى الجَنَازَةِ فِي أَوَّلِ تَكْبِيْرَةٍ ، ثُمَّ لاَ يَعُوْد** )) واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ) هەردوو دەستی بەرز دەکردەوە لە سەر جەنازە لە(اللهُ أَكْبَـر)ی یەکەمدا ، پاشان دوو بارەی نەدەکردەوە [رواه الدار قطني بروانه أحكام الجنائز (ل١١٦)].

(٣٠٦) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة)ی پێشوو بروانە (پ٣٠٥) .

وە هەروەها بروانە (پ١٤٦) .

(٣٠٧) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو أُمَامَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **صَلَّى رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) عَلَى جَنَازَةٍ وَمَعَهُ سَبْعَةُ نَفَرٍ ، فَجَعَلَ ثَلاَثَةً صَفّاً ، وَإِثْنَيْنِ صَفّاً ، وَإِثْنَيْنِ صَفّاً** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی لە سەر جەنازەیەك كرد و حەوت کەسی لە گەڵ دابوو ، جا سیانی کردە ریزێك وە دووانیشی کرد بە ریزێکی تر وە دووی تریشی کردە ریزێك [رواه الطبراني في الكبير قال الهيثمي في المجمع (٤٣٢/٣)].

وە ئەم فەرموودەیە بە هێز دەبێت بە فەرموودەکەی (مَالِكُ بنُ هُبَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَمُوْتُ فَيُصَلِّي عَلَيْهِ ثَلاَثَة صُفُوْفٍ مِنَ المُسْلِمِيْنَ إِلاَّ أَوْجَبَ ( وفي لفظ: إِلاَّ غُفِرَ لَهُ )** )) واتە: هیچ موسوڵمانێك نی یە بمرێت ، و سێ ریز لە موسوڵمانان نوێژی لە سەر بکەن (ئیللا) خوای گەورە لە تاوانەکانی خۆش دەبێت [رواه ابو داود (٣١٥٠/٤٤٨/٨) مع العون والترمذي (١٠٣٣/٢٤٦/٢) وابن ماجة (١٤٩٠/٤٧٨/١) وغيرهم وهو حديث حسن بروانه احكام الجنائز (ل١٠٠)].

**وە چەند کۆمەڵەکە زۆرتر بن ئەوە باشترە و سوود بەخش ترە بۆ مردوەکە[٣٠٨] ، وە دروستە لە مزگەوتدا نوێژی لە سەر بکرێت[٣٠٩] ، بەڵام لە دەرەوە و لە شوێنێکی دیاری کراودا بۆ نوێژی مردو باشترە[٣١٠] ، وە قەدەغە کراوە لە ناو گۆڕستاندا نوێژی لە سەر بکرێت[٣١١] ، وە نوێژی مردو لە سەر شەهیدی جەنگ و منداڵی پێ نەگەیشتوو پێویست نییە[٣١٢] .**

(٣٠٨) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة)(خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **مَا مِنْ مَيِّتٍ تُصَلِّي عَلَيْهِ أُمَّةٍ مِنَ المُسْلِمِيْنَ يَبْلُغُوْنَ مَائَةً كُلُّهُمْ يَشْفَعُوْنَ لَهُ ، إِلاَّ شَفَعُوْا فِيْهِ ( وفي حديث آخر: غُفِرَ لَهُ )** )) واتە: هەر مردویەك بمرێت ، جا کۆمەڵێك لە موسوڵمانان نوێژی لە سەر بکەن ، کە ژمارەیان بگات بە سەد کەس ، هەموویان تکای بۆ بکەن (ئیللا) خوای گەورە لێی خۆش دەبێت [رواه مسلم (٩٤٧/٦٥٤/٢) والترمذي وصححه (١٠٣٤/٢٤٧/٢) والنسائي(٧٥/٤)] .

وە فەرموودەکەی ( إِبْنُ عَبَّاس)(خوایان لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا ( ﷺ) فەرمووی: (( **مَا مِنْ رَجُلٍ مُسْلِمٍ يَمُوْتُ ، فَيَقُوْمُ عَلَى جَنَازَتِهِ أَرْبَعُوْنَ رَجُلاً ، لاَ يُشْرِكُوْنَ بِاللهِ شَيْئَاً إِلاَّ شَفَّعَهُمُ اللهُ فِيْهِ** )) واتە: هەر پیاوێکی موسوڵمان بمرێت ، جا چل پیاو لە موسوڵمانان نوێژی لە سەر بکەن ، شەریك بۆ خوا بڕیار نەدەن (ئیللا) خوای گەورە تکاکەیان وەردەگرێت [رواه مسلم (٩٤٨/٦٥٥/٢) وابو داود (٣١٥٤/٤٥١/٨مع العون ) وغيرهما].

(٣٠٩) لە بەر فەرموودەكەی(عَبَّادُ بْنُ عَبْدُالله بْن الزُّبَيْر ) كەوا فەرمووی: (( **أَنَّ عَائشَةَ أَمَرَتْ أَنْ يُمَرَّ بِجَنَازَةِ سَعْد بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ فِي المَسْجِد ، فَتُصَلِّيَ عَلَيْه ، فَأَنْكَرَ النَّاسُ ذَلكَ عَلَيْهَا ، فَقَالَتْ: مَا أَسْرَعَ مَا نَسيَ النَّاسُ ! مَا صَلَّى رَسُولُ الله (ﷺ) عَلَى سُهَيْلِ ابْنِ البَيْضَاءِ إلاَّ فِي المَسْجِد** )) واتە: (عَائشَةَ)(خوای لێ رازی بێت) فەرمانی كرد كەوا جەنازەكەی (سَعْدُ بنُ أَبِي وَقَّاص) بە ناوی مزگەوتدا تێپەڕێنن ، بۆ ئەوەی نوێژی لە سەر بكات ، جا خەڵكی ڕەخنەی ئەوەیان لێ گرت ، جا فەرمووی : چەند زوو خەڵكی لە بیریان چوو ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سەر (سُهَيْلُ بنُ بَيْضَاء) نوێژی نەكرد (ئیللا) لە ناو مزگەوتدا نەبێت [رواه مسلم (٩٧٣/٦٦٨/٢) وغيره].

(٣١٠) لە بەر فەرموودەكەی(أَبُو هُرَيْرَة)(خوای لێ رازی بێت) بڕوانە(پ٢٩٨) .

(٣١١) لە بەر فەرموودەكەی (أَنَس) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی: (( **أَنَّ النَّبِيَّ( ﷺ) نَهَى أَنْ يُصَلَّى عَلَى الجَنَائزِ بَيْنَ القُبُوْرِ** )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) قەدەغەی كردووە كەوا نوێژ لە سەر جەنازە بكرێت لە ناو گۆڕستاندا [أخرجه الطبراني في المعجم الاوسط (٢/٨٠/١) وقال الهيثمي في المجمع (٣٦/٣) واسناده حسن ، بڕوانە أحكام الجنائز(ل١٠٨)].

(٣١٢) لە بەر فەرموودەكەی (جَابِرُ بنُ عَبْدالله) بڕوانە (پ٢٨٦) .

وە لە بەر فەرموودەكەی (عَائشَةَ)(خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی : (( **مَاتَ إبْرَاهِيْمُ إبْنُ النَّبِيِّ (ﷺ) وَهُوَ إبْنُ ثَمَانيَةَ عَشَرَ شَهْرَاً فَلَمْ يُصَلِّ عَلَيْه رَسُوْلُ الله (ﷺ)** )) واتە: (إبْرَاهِيْم)ی كوڕی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی كرد كاتێك كە تەمەنی هەژدە مانگ بوو ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی لە سەر نەكرد [رواه ابو داود (٣١٨٧/٤٧٦/٨) مع العون وهو حديث حسن الإسناد بڕوانە صحيح أبى داود(٢٧٢٩)].

..............................

## چەند تێبینیەك:

***یەكەم : دروستە نوێژ لە سەر ئەمانە بكرێت :***

**(أ) منداڵ هەتا ئەگەر لە باریش چوو بێت ،** لە بەر فەرموودەكەی (المُغيْرَةُ بنُ شُعْبَة) (خوای لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( ... **وَالطِّفْلُ ( وفي رواية:السِّقْطُ ) يُصَلَّى عَلَيْه ، وَيُدَّعَى لوَالدَيْه بِالمَغْفرَة وَالرَّحْمَة** )) واتە: ... وە منداڵ نوێژی لە سەر دەكرێت ، وە دوعای لێبوردن وبەزەیی بۆ باوك و دایكی دەكرێت [رواه

ابو داود (٢/٦٥) وإبن ماجة(١/رقم/١٥٠٧)والنسائي (١/٢٧٥) والترمذي رقم(١٠٤٢) وغيرهم وقال ابو داود وابن حبان (السقط)بدل(الطفل)وهو رواية للحاكم والبيهقي واحمد والحديث صحيح ، بروانه أحكام الجنائز(ل٨٠،٧٣) وصحيح إبن ماجه(١٢٢٤)].

(السِّقْط) : واته مندالّی له بار چوو .

**(ب) شەهید** ، فەرمووده زۆره له سەر ئەوەی کەوا دروسته نوێژی له سەر بکەیت لەوانه فەرموودەکەی (شَدَّادُ بنُ الهَاد) (خوای لیّ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **أَنَّ رَجُلاً مِنْ الأَعْرَاب جَاءَ إِلَى النَّبِي ( ﷺ) فَآمَنَ بِهِ وَاتَّبَعَهُ ، ثُمَّ قَالَ: أُهَاجِرُ مَعَكَ .. فَلَبِثُوا قَلِيْلاً ، ثُمَّ نَهَضُوْا فِي قِتَالِ العَدُو، فَأُتِيَ بِهِ النَّبِي ( ﷺ) يُحْمَلُ قَدْ أَصَابَهُ سَهْمٌ .. ثُمَّ كَفَّنَهُ النَّبِي ( ﷺ) فِي جُبَّتِهِ ، ثُمَّ قَدَّمَهُ فَصَلَّى عَلَيْهِ ..** )) واته: کەوا پیاوێکی دەشتەکی هات بۆ لای پێغەمبەری خوا ( ﷺ) جا باوەڕی پیّ هێنا و شوێنی کەوت ، پاشان ووتی : له گەڵتدا کۆچ دەکەم ،... پاشان هەڵسان بۆ جەنگی دوژمن ، جا هێنایان بۆ لای پێغەمبەری خوا ( ﷺ) هەڵگیرا بوو تیرێك لیّی دابوو ... پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) کفنی کرد به(جُبُّه)کەی خۆی ، پاشان پێشی خست و نوێژی له سەر کرد ... [رواه النسائي (١/٢٧٧) والطحاوي في شرح المعاني (١/٢٩١) والحاكم (٣/٥٩٥)والبيهقي(٤/١٥-١٦) وإسناده صحيح بروانه أحكام الجنائز (ل٦١)].

**(ج) کەسێك له (حَدّ)ێکی خوادا بکوژرێتەوه** ، له بەر فەرموودەکەی (عُمْرَانُ بنُ حُصَيْن) (خوای لیّ رازی بێت) کەوا فەرمووی: ئافرەتێك له(جُهَيْنَة) هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و(حَامِلَه)بوو له (زِنَا) ، جا ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا من تووشی (حَدّ)ێك هاتووم ، له سەرم بە جیّی بهێنه ، جا پێغەمبەری خوایش بانگی سەرپەرشتیار(وَلِي)ەکەی کرد وفەرمووی: (( **أَحْسِنْ أَلَيْهَا ، فَإِذَا وَضَعَتْ فَأْتِنِي بِهِ** )) واته: چاك به له گەڵیدا ، ئەگەر سکی دانا ئەوه بیهێنەوه بۆ لام . ئەویش جیّ به جیّی کرد ، ... جا فەرمانیدا بەرد باران کرا ، پاشان نوێژی له سەر کرد ، جا (عُمَر) فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەو(زِنَا)ی کردووه ، تۆیش نوێژی له سەر دەکەیت ؟ پێغەمبەری خوایش فەرمووی: (( **لَقَدْ تَابَتْ تَوْبَةً لَوْ قُسِمَتْ بَيْنَ سَبْعِيْنَ مِنْ أَهْلِ المَدِيْنَةِ لَوَسِعَتْهُمْ ، وَهَلْ وَجَدَتْ تَوْبَةً أَفْضَلَ مِنْ أَنْ جَادَتْ بِنَفْسِهَا لِلَّهِ تَعَالَى ؟** )) واته: له ڕاستیدا پەشیمان بوونەوەیەك پەشیمان بۆتەوه ئەگەر دابەش بکرێته سەر هەفتا کەس له خەڵکی (مَدِيْنَه)دا بەشیان دەکات ... [رواه مسلم (٥/١٢١) وأبوداود (٢/٢٣٣) وغيرهما].

**(د) لە سەر کەسێکی تاوانبار وەک ، کەسێک خۆی کوشتبێت ، یان دزی لە دەستکەوتی جەنگی کردبێت یان قەرزار بێت و نەیبێت بیداتەوە وکەس بۆی نەداتەوە و ...** ، ئەمانە زانایان جیاوازن ئایە نوێژیان لە سەر دەکرێت یان نەء ، **هەندێکیان دەڵێن:** لە سەر هەموو کەسێك کە(أَهْلُ القِبْلَـه)بێـت نوێـژ دەکرێـت ، بـا چەند تاوانباریش بێت — بەلام لە ئیسلام دەرنەچووبێت _ ئەمـەش ڕای (سُـفْيَانُ الثَّـوْرِي و إِسْحَاق)ه .

وە ئیمامی (أَحْمَد) دەفەرمێ: پێشەوا نوێژ لە سەر کەسێك ناکات خۆی کوشتبێت ، بەلام کەسانی تر نوێژی لە سەر دەکەن .

وە (شَيْخُ الإِسْلاَم إِبْنُ تَيْمِيَة) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێ: هـەر کەسێك نوێـژ نەکات لە سەریان بۆ ئـەوەی ببنـە پەنـد بـۆ کەسـانێکی تـر وەك ئـەوان ، ئـەوە چـاکە ، وە ئەگـەر لـە ڕووکـەش(ظَـاهر)دا نـەیکات بـەلام لـە پـاش ملـەدا بیکـات ، بـۆ ئـەوەی هـەردوو بەرژەوەندی(مَـصْلَحَة)ەکـە کـۆ بکاتـەوە ئـەوە پێشترە لـەوەی یـەکێك لـە بەرژەوەنـدێکان بفەوتێت [الإختيارات العلمية (ل٥٢) بڕوانە أحكام الجنائز (ل٨٣–٨٤)].

......................................

**(ه) کەسێک لە وڵاتێکدا بمرێت کەس نوێژی لە سەر نەکردبێت:** ئـەوە دروستە نوێژی لە سەر بکەیت لە شوێنی خۆتەوە بە(صَلاَةُ الغَائب) ، لە بـەر فەرموودەکـەی (أَبُـوهُرَيْرَة) (خـوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا پێغەمبـەری خـوا ( ﷺ) نوێـژی(غائـب)ی لـە سـەر (نَجَاشِي) کرد [رواه البخاري (٣/١٥٧،١٥٥،١٤٥،٩٠) ومسلم (٣/٥٤) وبقية الجماعة ، وە هەروەها بڕوانە (پ٢٩٨) ، وأحكام الجنائز (ل٨٩–٩٣)].

***دووەم:* وە حەرامە نوێژ کردن و داوای لێ بوردن و بەزەیی لـە خـوای گـەورە بۆ بێ باوەڕو دووڕووەکان (الكُفَّار و المُنَافِقِيْن)**

لە بەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (التوبة: ٨٤)دا کـە دەفـەرمێ: ﴿ وَلاَ تُصَلِّ عَلَى أَحَدٍ مِنْهُمْ مَاتَ أَبَدَاً وَلاَ تَقُمْ عَلَى قَبْرِه إِنَّهُمْ كَفَرُوْا بِاللهِ وَرَسُوْلِه وَمَاتُوْا وَهُمْ فَاسِـقُوْنَ ﴾ واتە: ئەی موحەممەد هەر کاتێك یەکێك لەوانە مرد ، ئەوە هەرگیز نوێـژی لـە سـەر مەکـە ، وە لە سەر گۆڕەکەیشی ڕامەوەستە — دوعای بۆ بکەی _ بە ڕاستی ئەوانە بـێ بـاوەڕ بـوون بە خوا و بە پێغەمبەرەکەی خوا ، وە هەر بە کافریش مردن .

وە هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە لە بارەی (عَبْدُالله بن أُبَي)یەوە بـوو کـە دووڕووو(مُنَـافق) بوو ، کاتێك کە مرد پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نوێـژی لـە سـەر کـرد ، جـا خـوای گـەورە ئـەم

ئایەتەی دابەزاند ، ئیتر پاش ئەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی لە سەر هیچ دوو ڕوویەك نەكرد .. [رواه البخاري (٣/١٧٧) ومسلم (٧/١١٦) وغيرهما عن إبن عمر].

**سێیەم : دروستە نوێژ لە سەر گۆڕ بكرێت پاش ئەوەی مردووەكە بخرێتە گۆڕ**

لە بەر فەرموودەكەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٢٩٥) .

وە ئەو قەدەغە كردنەی فەرموودەكەی (أَنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) كە لە (پ٣١١)دا باسمان كرد بۆ كاتێكە كە لە گۆڕ نەنرابێت و توانای ئەوە هەبێت لە دەرەوەی گۆڕستان نوێژی لە سەر بكرێت (وَاللهُ أَعْلَم) .

## هەڵگرتنی جەنازە و پاداشتی شوێن كەوتنی
## ( حَمْلُ الجَنَازَةِ وَأَجْرُ إتِّبَاعِهَا )

هەڵگرتنی جەنازە وشوێن كەوتنی پێویستە لە سەر موسوڵمانان[٣١٣]، وە پاداشتێكی زۆریشی هەیە بۆ پیاوان[٣١٤]، وە شوێن كەوتنیشی بە گریان بە دەنگی بەرزەوە یان بە ئاگرەوە دروست نییە[٣١٥]، یان بە زیكركردن بە دەنگی بەرز[٣١٦]، وە پێویست(**وَاجِب**)ە بە ڕێ كردنی خێراوە بەرەو گۆڕستان ببرێت[٣١٧]،

(٣١٣) لە بەر فەرموودەكەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە(پ٢٧٤) .

(٣١٤) لە بەر فەرموودەكەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **مَنْ صَلَّى عَلَى جَنَازَةٍ وَلَمْ يَتْبَعْهَا فَلَهُ قِيرَاطٌ ، فَإِنْ تَبِعَهَا فَلَهُ قِيرَاطَانِ ، قِيْلَ: وَمَا القِيْرَاطَانِ ؟ قَالَ: أَصْغَرُهُمَا مِثْلُ أُحُدٍ** )) واتە: هەر كەسێك نوێژ لە سەر جەنازە بكات وشوێنی نەكەوێت ئەوە (قِيْرَاط)ێك چاكەی بۆ دەنوسرێت ، جا ئەگەر شوێنیشی بكەوێت ئەوە دوو (قِيْرَاط)ی بۆ هەیە ، ووتیان دوو(قِيْرَاط) چ‌ییە ؟ فەرمووی: بچووك ترینیان وەك كێوی (أُحُد)ە [رواه مسلم (٢/٦٥٣/٩٤٥) وغيره ] .

بەڵام بۆ ئافرەتان باش نییە شوێنی جەنازە بكەون ، لە بەر فەرموودەكەی (أُمِّ عَطِيَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی: (( **نُهِيْنَا عَنْ إِتِّبَاعِ الجَنَازَةِ وَلَمْ يُعْزَمْ عَلَيْنَا** )) واتە: قەدەغەمان لە سەر كرا كەوا شوێنی جەنازە بكەوین – مەبەست ئافرەتانە– بەڵام (عَزْم)یش نەكرا لە سەرمان [رواه البخاري (٣/١٤٤/١٢٧٨) ومسلم (٢/٦٤٦/٩٣٨) وغيرهما].

(٣١٥) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **لاَ تُتْبَعُ الجَنَازَةُ بِصَوْتٍ وَلاَ نَارٍ** )) واتە: نابێت شوێنی جەنازە بکەویت بە دەنگەوە ، وە بە ئاگریشەوە [رواه ابوداود (٣٥٥/٤٥٣/٨) وأحمد (٤٢٧/٢) وهو حديث حسن بشواهده بڕوانە أحكام الجنائز(ل٧٠)] .

وە(عَمْرُو بنُ العَاص)یش لە وەسییەت کردنەکەیدا فەرمووی: (( **فَإِذَا أَنَا مِتُّ فَلاَ تَصْحَبنِي نَائِحَةٌ وَلاَ نَارٌ** )) واتە: جا ئەگەر من مردم ئەوە با شیوەن کەر و ئاگر هاوڕێتیم نەکەن [رواه مسلم (٧٨/١) وأحمد (١٩٩/٤)].

(٣١٦) لە بەر ووتەکەی (قَيْسُ بنُ عَبَّاد) کەوا فەرمووی: (( **كَانَ أَصْحَابُ النَّبِيِّ** (ﷺ) **يَكْرَهُونَ رَفْعَ الصَّوْتِ عِنْدَ الجَنَائِز** )) واتە: هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێیان ناخۆش بوو لە کاتی – هەڵگرتنی – جەنازەدا دەنگ بەرز بکرێتەوە [رواه البيهقي (٧٤/٤) ورجاله ثقات بڕوانە أحكام الجنائز(ل٧١)] .

وە لە بەر ئەوەی لاسایی کردنەوەی گاورەکانە ، چونکە ئەوان بە دەنگی و بە ئاوازەوە ئینجیل دەخوێنن وزیکر دەکەن [بڕوانە الأذكار للنووي (ل ٢٠٣)] .

وە لە هەمووی خراپتریش ئەو موسیقا لێدانەیە کە پێشی جەنازەکەی دەخەن لە هەندێك لە وولاتە بە ناو ئیسلامیەکان ، کە لاسایی بێ باوەڕانی پێ دەکەنەوە [بڕوانە أحكام الجنائز (ل٧١)].

(٣١٧) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) بڕوانە (پ ٢٧٨) .

وە دروستە لە پێشی جەنازە و لە پاشیەوە ، لە لای ڕاستیەوە و لە لای چەپیەوە ڕێ بکرێت(٣١٨) ، ئەگەر چی باشتر وایە شوێنی بکەوێت(٣١٩) ، بەڵام بۆ سوار هەر دەبێت تەنها شوێنی بکەوێت(٣٢٠)، وە سوننەتە بۆ ئەو کەسەی هەڵی دەگرێت دەست نوێژ بگرێتەوە(٣٢١)، وە سوننەتە بۆ خەڵکەکە هەموویان کاتێك دەگەنە گۆڕستان(**سَلاَم**) لە ئەهلی گۆڕستان بکەن و دوعای گۆڕستانیان بۆ بخوێنن(٣٢٢) .

---

(٣١٨) لە بەر فەرموودەکەی (المُغِيرَةُ بنُ شُعْبَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **الرَّاكِبُ خَلْفَ الجَنَازَةِ ، وَالمَاشِي حَيْثُ شَاءَ مِنْهَا** )) واتە: ئەوەی سوارە لە پشت جەنازەوە _ ڕێ بکات _ ، وە ئەوەی بە پێ ڕێ دەکات با

لە هەر شوێنێكەوە ویستی لە سەرێتی _ ڕێ بكات _ [رواه أبوداود (٨/٤٦٧/٣١٦٤) مع العون والترمذي (٢/٢٤٨/١٠٣٦) والنسائي (٤/٥٥) وهو حديث صحيح بروانه صحيح الجامع(٣٥٣٣)].

(٣١٩) چونكە مەبەست لە (إِتِّبَاعُ الجَنَازَة) شوێن كەوتنی جەنازەیە ، ئەوەیش ئەوە دەگەیەنێت كەوا شوێنی بكەوێت .

وە هەروەها لە بەر (أَثَر)ەكەی (عَلِي) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی : (( **المَشْيُ خَلْفَهَا أَفْضَلُ مِنَ المَشْيِ أَمَامَهَا ، كَفَضْلِ صَلاَةِ الرَّجُلِ فِي جَمَاعَةٍ عَلَى صَلاَتِهِ فَذّاً** )) واتە: ڕێ كردن لە پشتی جەنازەوە چاكترە لە ڕێ كردن لە پێشیەوە ، وەكو چاكی كەسێكە كە نوێژی بە كۆمەڵ كردبێت ، لە گەڵ كەسێكدا كە بە تەنها بیكات [رواه البيهقي(٤/٢٥) وإبن ابي شيبة في المصنف (٤/١٠١) والطحاوي (١/٢٧٩) واحمد رقم(٧٥٤) وكذا إبن حزم في المحلى(٥/١٦٥) وسعيد بن المنصور من طريقين عنه . وهو أثر حسن بروانه أحكام الجنائز (ل٧٤)].

(٣٢٠) لە بەر فەرموودەكەی (مُغيْرَه)ی پێشوو بڕوانە (پ ٣١٨) .

(٣٢١) لە بەر فەرموودەكەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) بڕوانە (پ٦٦) .

(٣٢٢) لە بەر فەرموودەكەی (عَائِشَة) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی: ووتم : ئەی چۆنیان پێ بڵێم ئەی پێغەمبەری خوا ؟ ئەویش فەرمووی: بڵێ: (( **السَّلاَمُ عَلَى أَهْلِ الدِّيَارِ مِنَ المُؤْمِنِيْنَ وَالمُسْلِمِيْنَ وَيَرْحَمُ اللهُ المُسْتَقْدِمِيْنَ مِنَّا وَالمُسْتَأْخِرِيْنَ ، وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللهُ بِكُمْ لاَحِقُوْنَ** )) [رواه مسلم (٢/٦٦٩/٩٧٤) والنسائي (٤/٩٤)].

وە فەرموودەكەی (سُلَيْمَانُ بنُ بُرَيْدَةَ عَنْ أَبِيْه) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فێری دەكردن كاتێك دەردەچوون بۆ گۆڕستان بڵێین: (( **السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ أَهْلَ الدِّيَارِ مِنَ المُؤْمِنِيْنَ وَالمُسْلِمِيْنَ ، وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللهُ بِكُمْ لاَحِقُوْنَ ، أَسْأَلُ اللهَ لَنَا وَلَكُمْ العَافِيَةَ**)) [رواه مسلم (٢/٦٧١/٩٧٥) والنسائي (٤/٩٤)].

## چوارەم : ژێر خاك كردنی مردو

## ( دَفْنُ المَيِّت )

**ژێر خاك كردنی وناشتنی مردو پێویست(وَاجِب)ە[٣٢٣] ، با بێباوەڕیش بێت[٣٢٤] ، وە باش وایە لە گۆڕستاندا بنێژرێت[٣٢٥] ، جگە لە شەهید كە باش وایە هەر لە جێگەی شەهید بوونیدا بنێژرێت[٣٢٦] ،**

(٣٢٣) لە بەر فەرموودەکەی (هِشَامُ بنُ عَامر) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا فـەرمووی: لە ڕۆژی (أُحُد)دا سکالآیان بۆ لای پێغەمبەری خوا ( ﷺ) هێنا لەو هەموو کوژراو و زامدارانە ، جا ئەویش فـەرمووی: (( **إِحْفِرُوْا وَأَوْسِعُوْا ، وَأَعْمِقُوْا ، وَأَحْسِنُوْا ، وَأَدْفِنُوْا الإِثْنَيْنِ وَالثَّلاَثَةَ فِي القَبْرِ ، وَقَدِّمُوْا أَكْثَرُهُمْ قُرْآنَاً ، قَالَ: فَكَانَ أَبِي ثَالِثُ ثَلاَثَةٍ ، وَكَانَ أَكْثَرُهُمْ قُرْآنَاً ، فَقُدِّمَ** )) واتە: چـاڵ بکـەن و فـراوان و جـوانی بکەنـەوە ، وە دوو دوو و سـێ سـێ بیانێژن لە گۆڕێکدا ، وە ئەوەیان پـێش بخـەن کـە زیـاتر قورئـانی لەبـەرە ، فـەرمووی: جـا باوکم لە گەڵ سێ کەسدا خرایە گۆڕێکەوە ، وە لەوان قورئانی زیاتر لەبەر بوو ، بۆیـە پـێش خـرا [رواه النسائي (٤/٨٠/٢٠١٠،٢٠٠٩) وأبو داود(٣/رقم/٣٢١٥) والترمذي (٤/٢١٣/١٧١٣) وابن ماجة(١/رقم/١٥٦٠)مختصراً وهو حديث صحيح بروانە االإرواء(٧٤٣) وصحيح النسائي(١٨٩٩)].

(٣٢٤) لە بەر ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە (عَلـيُّ بـنُ أَبـي طَالـب)ی (خوای لێ رازی بێـت) فـەرموو کاتێـك کـە (أَبُـو طَالـب) مـرد: (( **إِذْهَـبْ فَـوَارِه** )) واتـە: بـڕۆ بیشارەوە [رواه النسائي (٤/٧٩) بروانە صحيح سنن النسائي (١٨٩٥)].

(٣٢٥) چـونکە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) مـردوی موسـوڵمانانی لـە(البَقِيْـع)دا ژێـر خـاك دەکرد ، وەك بە(مُتَوَاتِر)ی پێمان گەیشتووە ، وە هەواڵی هیچ کەسێکمان پـێ نەگەیـشتووە کەوا لە گۆڕستاندا ژێر خاك نەکرابێت ، تەنها ئەوە نەبێت کە بە(مُتَوَاتِر)ی پێمان گەیـشتووە کـە پێغەمبـەری خـوا ( ﷺ) خـۆی لـە ژوورەکـەی (عَائـِشَة)دا ژێـر خـاك کـرا ، ئەمـەش لـە تایبەتمەندێکانی پێغەمبەری خوایە( ﷺ) ، وەك لە فەرموودەکەی (عَائِشَة)دا هاتووە (خوای لێ رازی بێت) : کەوا کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کرد جیاوازی دروست بوو کەوا لـە کوێدا ژێر خاك بکرێت . جا (أَبُوبَكْر) (خوای لێ رازی بێت) فەرمووی: لە پێغەمبەری خـواوە شتێکم بیستوە لە یادم نەچۆتەوە فەرمووی: (( **مَا قَبَضَ اللهُ نَبِيَّاً إِلاَّ فِي المَوْضِعِ الَّذِي يُحِبُّ أَنْ يُدْفَنَ فِيْـهِ** )) واتە: خوای گەورە گیانی هیچ پێغەمبـەرێکی نەکێشاوە (ئـیللا) لـەو شوێنەدا نەبێت کە پێی خۆش بووە تێیدا بنێژرێت . بۆیە هەر لە شوێنی جێگاکـەی خۆیـدا ناشتیان [رواه الترمذي (٢/٢٤٢/١٠٢٣) وهو حديث صحيح بروانە صحيح الجامع(٥٦٤٩)].

(٣٢٦) لـە بـەر فەرموودەکـەی (جَـابِرُ بـنُ عَبْـدالله) (خوایـان لێ رازی بێـت): کـەوا فەرمووی: (( **لَمَّا كَانَ يَوْمَ أُحُد ، حُمِلَ القَتْلَى لِيُدْفَنُوْا بِالبَقِيْع ، فَنَادَى مُنَادِيَ رَسُوْل الله ( ﷺ) : إِنَّ رَسُوْلَ الله ( ﷺ) يَأْمُرُكُمْ أَنْ تَدْفُنُوا القَتْلَى فِي مَضَاجِعِهَمْ** )) واتـە: لـە ڕۆژی (أُحُد)دا کوژراوەکان هەڵگیران بۆ ئـەوەی لـە (البَقِيْـع)دا ژێـر خـاك بکـرێن ، جـا بـانگ دەری پێغەمبـەری خـوا ( ﷺ) بـانگی کـرد: کـەوا پێغەمبـەری خـوا ( ﷺ) فـەرمانتان پـێ دەکات کەوا کوژراوەکان لە جێگاکـانی خۆیانـدا ژێـر خـاك بکـرێن [رواه أبو داود (٣/رقم/٣١٦٥)

والنسائي (٤/٧٩/ رقم:٢٠٠٣) والترمذي (١٧١٧/١٣٠/٣) وإبن ماجة(١/رقم/١٥١٦) وهو حديث صحيح بڕوانە صحيح إبن ماجة(١٢٣٠) وصحيح النَّسَائي(١٨٩٣)].

وە دەبێت گۆڕەکەی قوولْ وفراوان وچاك بێت(٣٢٧)، وە دروستە بە شێوەی(لَحْد)بکرێت یان بە شێوەی(شَق) ، بەڵام(لَحْد)ەکە باشترە(٣٢٨)، وە دەبێت پیاوان مردو بخەنە گۆڕەوە با مردوەکە ئافرەتیش بیت(٣٢٩)، وە ئەگەر کەس کاری مردوەکە خۆیان بینێژن ئەوە باشترە(٣٣٠)،

(٣٢٧) لە بەر فەرموودەکەی (هشَامُ بنُ عَامر) (خوای لێ رازی بێت) ، بڕوانە (پ٣٢٣).

(٣٢٨) لە بەر فەرموودەکەی (أَنَسُ بنُ مَالك) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **لَمَّا تُوفِيَ النَّبِيُّ ( ﷺ) كَانَ بِالمَدِيْنَةِ رَجُلٌ يَلْحدُ ، وَآخَرٌ يَضْرَحُ ، فَقَالُوْا: نَسْتَخِيْرُ رَبَّنَا ، وَنَبْعَثُ إِلَيْهِمَا ، فَأَيُّهُمَا سَبَقَ تَرَكْنَاهُ ، فَأُرْسَلَ أَلَيْهِمَا ، فَسَبَقَ صَاحِبُ اللَّحْد ، فَلَحَدُوْا النَّبِيَّ( ﷺ )**)) واتە: کاتێك پێغەمبەری خوا ( ﷺ) وەفاتی کرد ، لە(مَدِيْنَە)دا پیاوێك هەبوو (لَحْد)ی دەکرد وە یەکێکی تریش هەبوو (ضَرْح)ی دەکرد ، جا ووتیان هەڵبژاردنی دەدەینە دەست پەروەردگارمان ، ئێمە دەنێرین بە شوێنی هەردووکیاندا ، جا هەرکامیان لە پێشدا هاتن ئەوە ئەوەیان دەکەین ، جا ناردیان بە شوێنی هەردووکیاندا ، خاوەن (لَحْد)ە کە لە پێشدا ، بۆیە پێغەمبەریان (ﷺ) (لَحْد)کرد [رواه إبن ماجة (١/٤٩٦/١٥٥٧) والطحاوي (٤/٤٥) وأحمد (٣/٩٩) وهو حديث صحيح ، بڕوانە صحيح إبن ماجة(١٢٦٤)].

(لَحْد): ئەوەیە لە لاوە لە ڕووی قیبلەوە چاڵی بۆ بکرێت ، (شَق) یان (ضَرْح): ئەوەیە لە ژێرەوە چاڵ بکرێت وەك جۆگەی ئاو ... ئیمامی (النَّوَوِي) دەفەرمێ: زانایان کۆبوونەوەتەوە لە سەر ئەوەی کە (لَحْد) و (شَق) هەردووکیان دروستن ، بەڵام ئەگەر زەوییەکە ڕەق بوو نەدەڕوخا ئەوە (لَحْد)ەکە باشترە ، لە بەر ئەو بەڵگانەی پێشوو ، وە ئەگەر زەوییەکە زوو دەڕوخا ئەوە (شَق) چاکترە [بڕوانە المجوع شرح مهذب(٥/٢٨٧)].

(٣٢٩) لە بەر ئەوەی لە سەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاوەڵان و شوێنکەوتووان و شوێن کەوتووی شوێنکەوتووانەوە تا ئەمرۆ هەر بەو شێوەیە هاتووە.. بڕوانە[ أحكام الجنائز (ل١٤٧)].

وە لە بەر فەرموودەکەی (أَنَس) (خوای لێ رازی بێت) کە لە (پ٣٣٠)دا باسی دەکەین.

(٣٣٠) له بەر فەرمووده‌کەی خوای گەوره لـه سـورەتی (الاحزاب: ٦)دا کـه دەفـەرمێ: ﴿ وَأُلُوْا الأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللهِ ﴾ واته: وه له کتێبـی خـوای گـەورەدا خزمانی پشت پێشترن بۆ یەکتری .

وه له بـەر فەرموودەکـەی (عَلي) (خـوای لێ رازی بێـت) کـەوا فـەرمووی: (( **غَسَلْتُ رَسُوْلَ اللهِ** ( ﷺ ) ، ... **وَوَلِّي دَفْنَهُ وَإِجْنَانَه دُوْنَ النَّاسِ أَرْبَعَةً : عَلِيٌّ وَالعَبَّاسُ وَالفَضْلُ وَصَالِحُ مَوْلَى رَسُوْلِ اللهِ** ( ﷺ ) ، ..)) واته: پێغەمبەری خوام ( ﷺ ) شۆردەوه ... وه سەرپەرشتی له ژێر خاك نانی و دابەزاندنی چوار کەس کردیان جگه له هەموو خـەڵك (عَلِيّ) و(العَبَّاس) و(الفَضْل) و(صَالِح)ی (مَوْلَى)ی پێغەمبەری خـوا (ﷺ) [رواه الحاكم (٣٦٢/١) والبيهقي (٥٣/٤) عنه بسند صحيح ، وصححه الحاكم على شرط الشيخين ووافقه الذهبي بروانه أحكام الجنائز(ل١٤٧)].

## تێبینی:

وه دروسته مێرد خۆی سەرپەرشتی ناشتنی ژنی خۆی بکات ، له بەر فەرموودەکه (عَائِشَة) (خوای لێ رازی بێت) بروانه (پ ٢٨٢) وه هـەروەها ڕێگایـەکی تـری هەیـە ، بروانـه [أحكام الجنائز للألباني (ل ١٤٨)] .

بەڵام ئەوه به مەرجێك دروسته ئەگەر لەو شەوەدا جووت نەبووبێت له گـەڵ ئافرەتـدا ، جـا ئەگەر جووت بووبێت ، ئەوه کەسێکی تر ئەو کاره ئـەنجام دەدات بـا (مَحْرَم)یـش نـەبێت ، بـەڵام بـە مـەرجێك ئـەویش لـەو شـەوەدا جـووت نـەبووبێت لـە گـەڵ ئـافرەت دا ، لـە بـەر فەموودەکەی (أَنَس) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: له گەڵ پێغەمبەری خـوادا بـووین (ﷺ) جەنازەی کچێکیمان بۆ گۆڕستان بـرد ، وه پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لـه سـەر گۆڕەکـه دانیشتبوو ، بینیم چاوەکانی فرمێسکی لێ دڕژا ، پاشان فەرمووی: (( **هَلْ مِنْكُمْ مِنْ رَجُلٍ لَمْ يُقَارِفِ اللَّيْلَةَ** [أَهْلَهُ] ؟ )) واته: هیچ کەسێکتان هەیـە ئـەم شـەو جـووت نـەبووبێت لـە گەڵ خێزانیدا ؟ (أَبُو طَلْحَة) فـەرمووی: بـەڵێ ، مـن ئـەی پێغەمبـەری خـوا ، فـەرمووی: (( **فَأَنْزِلْ** )) واته: ده دابەزه . ئەویش دابەزیه نـاو گۆڕەکـەی ، جـا خـستیه نـاو گۆڕەکـه [رواه البخاري (١٣٤٢/٢٠٨/٣) وغيره ، جا له ڕیوایەتی ئیمامی أحمد (٢٢٩/٣-٢٧٠) والحاكم (٤٧/٤) دا هـاتوه: ... جا(عُثْمَانُ بنُ عَفَّان) _ که پیاوی خۆی بوو _ ڕاوەستا بوو نەچووه ناو گۆڕکەوه ] .

ئیمامی (النَّوَوِي) دەفەرمێ: ئەم فەرموودەیه لەو فەرموودانەیه که دەکرێتـه بەڵگـه لـه سـەر ئەوەی پیاوان سەرپەشتی ناشتنی مـردو دەکـەن ، هـەتا ئەگـەر مردوەکـه ئـافرەتیش بێـت [بروانه المجموع (٢٨٩/٥)].

وە لە لای پێی گۆڕەکەوە دادەبەزێنرێتە خوارەوە ، وە بە لای ڕاستدا ڕوو بەرەو قیبلە دادەنرێت(٣٣١)، وە سوننەتە ئەو کەسەی دەیخاتە گۆڕەوە بڵێ: (**بِسْمِ اللهِ وَعَلَى مِلَّةِ رَسُوْلِ اللهِ**)(٣٣٢)،

(٣٣١) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو إِسْحَاق) کەوا فەرمووی: (( **أَوْصَى الحَارِثُ أَنْ يُصَلِّي عَلَيْهِ عَبْدُ اللهِ بْن يَزِيْد ، فَصَلَّى عَلَيْهِ ، ثُمَّ أَدْخَلَهُ القَبْرَ مِنْ قِبَلِ رِجْلَي القَبْرِ ، وَقَالَ: هَذَا مِنَ السُّنَّةِ** )) واتە: ( الحَارِث) وەسیەتی کرد کەوا (عَبْدُاللهِ بن يَزِيْد) (خوای لێ ڕازی بێت) ، نوێژی لە سەر بکات ، جا ئەویش نوێژی لە سەر کرد ، پاشان لە لای هەردوو پێی گۆڕەکەوە دایبەزاندە ناو گۆڕەکە و فەرمووی : ئەمە سوننەتە [رواه ابو داود (٣/رقم/ ٣٢١١) وابن ابي شيبة في المنصف (١٣٠/٤) وروىالبيهقي (٥٤/٤) وإسناده صحيح ، بروانە أحكام الجنائز(ل١٥٠) ].

وە لە سەر لای ڕاست دادەنرێت ڕوو بەرەو قیبلە ، لە بەر ئەوەی لە کاتی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) تا وەکو ئەمڕۆ هەر وابوە بە بێ هیچ جیاوازیەك .

وە لە بەر فەرمودەکەی(عُبَيْدُ بْنُ عُمَيْر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بارەی (كَعْبَه)وە فەرمووی: (( ... **قِبْلَتُكُمْ أَحْيَاءً وَأَمْوَاتًا** )) واتە: قیبلەتانە بە زیندویی و بە مردویی [رواه أبو داود(٣/رقم/٢٨٧٥) والحاكم(٥٩/١) وهو حديث حسن ، بروانە الإرواء(٦٩٠)].

(٣٣٢) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر مردو بخرایەتە گۆڕ دەیفەرموو: (( **بِسْمِ اللهِ وَعَلَى سُنَّةِ رَسُوْلِ اللهِ** )) واتە: بە ناوی خوای گەورەوە ، وە لە سەر سوننەتی پێغەمبەری خوا [رواه أبو داود (٣١٩٧/٣٢/٩) والترمذي (٢/٢٥٥/١٠٥١) وابن ماجة (١٥٥٠/٤٩٩/١) وفي رواية: (( **وَعَلَى مِلَّةِ رَسُوْلِ اللهِ** )) وهو حديث صحيح الإرواء(٧٤٧) وصحيح إبن ماجة(١٢٦٠)].

وە سوننەتە سێ چنگ خۆڵ بە سەری دابکەی(٣٣٣)، وە دروستە لە کاتی پێویستدا چەند کەسێك لە یەك گۆڕدا بنێژرێن ، وە ئەوەیشیان کە قورئانی زۆرتر لە بەرە پێش دەخرێت لە(**لَحْد**)ەکەدا(٣٣٤)، وە نابێت بێ باوەڕلە گۆڕستانی موسوڵمانانداا ژێر خاك بکرێت(٣٣٥)، وە دروست نییە مردو لەو کاتەدا ژێر خاك بخرێت کە لە شەرعدا قەدەغەی لێ کراوە(٣٣٦)، مەگەر زۆر پێویست بێت(٣٣٧)، وە پاش لێ بوونەوە لە ژێر خاك کردنەکە سوننەتە گۆڕەکە بە ئەندازەی بستێك بەرز بکرێتەوە ، بۆ ئەوەی دیار بێت تا وەکو خەڵکیبزانن گۆڕە(٣٣٨)،

(٣٣٣) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أَنَّ رَسُوْلُ اللهِ ( ﷺ) صَلَّى عَلَى جَنَازَةٍ ثُمَّ أَتَى المَيِّتَ فَحَثَى عَلَيْهِ مِنْ قِبَلِ رَأْسِهِ ثَلاَثَاً )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) نوێژی لە سەر جەنازە کرد ، پاشان هاتە لای مردوەکە و لە لای سەریەوە سێ چنگ خۆڵی کردە سەر _ جەنازەکەدا لە ناو گۆڕەکە _ دا .. [رواه إبن ماجة (١/٤٩٩/١٥٦٥) وهو حديث صحيح ، بڕوانە الأرواء (٧٥١)] .

(٣٣٤) بڕوانە فەرموودەکەی (هِشَامُ بنُ عَامِر) (خوای لێ رازی بێت) ، بڕوانە (پ ٣٢٣).

(٣٣٥) بەڵکو دەبێت (كَافِر) و(مُشْرِك) لە گۆڕستانی بێ باوەڕاندا ژێر خاك بکرێن ، وە موسوڵمانیش لە گۆڕستانی موسوڵماناندا بنێژرێت ، چونکە لە سەردەمی پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) گۆڕستانی بێباوەڕەکان جیاواز بووە لە گۆڕستانی موسوڵمانان ، ئەمەیش بەردەوام بووە لە سەردەمی پێغەمبەری خوا وە (ﷺ) تا وەکو ئەمڕۆ .. [بڕوانە أحكام الجنائز (ل ١٣٦)] .

وە لە بەر فەرموودەکەی (بَشِيْرُ بنُ الخَصَاصِيَة) (خوای لێ رازی بێت) کە بە جوانی ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کەوا پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) لە کاتی گۆڕستانی(مُشْرِك)ەکان جیاواز بووە لە گەڵ گۆڕستانی موسوڵماناندا ، جا (شَيْخُ الأَلْبَانِي) لە کتێبی (أحكام الجنائز) دا(ل١٣٦) هێناویێتیەوە ، بە هەموو ڕیوایەتەکانیەوە ، دەتوانی تەماشای بکەیت .

(٣٣٦) ئەو کاتانەی کە ناشتنی مردوی تێدا قەدەغە کراوە چەند کاتێکە ، کاتێك کە خۆر هەڵدێت تا بەرز دەبێتەوە ، وە کاتێك کە خۆر لە ناوڕاستی ئاسماندایە تا لا دەداتەوە بە لای ئاوا بووندا ، وە لە کاتی خۆر ئاوا بووندا تا بە تەواوی ئاوا دەبێت ، لە بەر فەرموودەکەی (عُقْبَةُ بنُ عَامِر) بڕوانە (پ ١٠٦) .

هەروەها بە شەویش قەدەغە کراوە مردو بنرێت لە گۆر ، لە بەر فەرموودەکەی (جَابِر) بڕوانە (پ ٢٨٩) .

(٣٣٧) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أَنَّ رَسُوْلَ اللهِ ( ﷺ) أَدْخَلَ رَجُلاً قَبْرَهُ لَيْلاً ، وَأُسْرِجَ فِي قَبْرِهِ )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) پیاوێکی بە شەو خستە گۆڕ ، وە چراشیان لە گۆڕەکەیدا داگیرساند [رواه إبن ماجة (١/٤٦٤) والترمذي (٢/٢٦٠/١٠٦٣)].

(٣٣٨) لە بەر فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدالله) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أَنَّ النَّبِيَّ ( ﷺ) أُلْحِدَ لَهُ لَحْدٌ ... وَرُفِعَ قَبْرُهُ مِنَ الأَرْضِ نَحْوَاً مِنْ شِبْرٍ )) واتە:

پێغەمبەری خوا( ﷺ) (لَحْد)يان بۆ كرد و ... وە گۆڕەكەشيان بە ئەندازەی بستێك بەرز كردەوە [رواه البيهقی( ٣/٤١٠) وأبن حبان فی صحيحه( ٢١٦٠) وإسناده حسن ، بڕوانە أحكام الجنائز(ل١٥٣)].

وە بە بەردێك يان هەرشتێكی تر دياريش بكرێت ، بۆ ئەوەی كەس وكارەكانی لە نزيكيدا بنێژرێن[٣٣٩] ، وە لە سەر گۆڕەكەيش بوەستێت و دوعای خێری بۆ بكات ، وە داوا لە ئامادەبوانيش بكات دوعای خێری بۆ بكەن[٣٤٠] ، وە دروستە لە كاتی ناشتنيدا دابنيشن لە لای گۆڕكەدا بە مەبەستی يادكردنەوە ويادخستنەوەی مردن و .. بۆ خۆی وخەڵكی ..[٣٤١]

(٣٣٩) لە بەر فەرموودەكەی (المُطَّلِبُ أَبِي وَدَاعَة) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی: (( **لَمَّا مَاتَ عُثْمَانُ بْنُ مَظْعُوْنٍ أُخْرِجَ بِجَنَازَتِه فَدُفِنَ ، فَأَمَرَ النَّبِيُّ** (ﷺ) **رَجُلاً أَنْ يَأْتِيَهُ بِحَجَرٍ ، فَلَمْ يَسْتَطِعْ حَمْلَهُ ، فَقَامَ إِلَيْهَا رَسُوْلُ اللهِ** (ﷺ) **وَحَسَرَ عَنْ ذِرَاعَيْهِ ، قَالَ المُطَّلِبُ: قَالَ كَثِيْرٌ: قَالَ المُطَّلِبُ: قَالَ الَّذِي يُخْبِرُنِي ذَلِكَ عَنْ رَسُوْلِ اللهِ** (ﷺ): **قَالَ: كَأَنِّي أَنْظُرُ إِلَى بَيَاضِ ذِرَاعَيْ رَسُوْلِ اللهِ** (ﷺ) **حِيْنَ حَسَرَ عَنْهُمَا ، ثُمَّ حَمَلَهَا فَوَضَعَهَا عِنْدَ رَأْسِه ، وَقَالَ: أَتَعَلَّمُ بِهَا قَبْرَ أَخِي ، وَأَدْفِنُ إِلَيْهِ مَنْ مَاتَ مِنْ أَهْلِي** )) واتە: كاتێك (عُثْمَانُ بْنُ مَظْعُون) وەفاتی كرد — كە برای شيری پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) — جەنازەكەيان دەركرد و ناشتيان ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی بە پياوێك كرد كەوا بەردێكی بۆ بێنێ ، جا كابرا نەيتوانی هەڵی بگرێت ، جا پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆی هەڵسا و هەردوو قۆڵی لێ هەڵكرد ، (مُطَّلِب) _ كە لە (فَتْحُ مَكَّه)دا باوەڕی هێنا _ فەرمووی: ئەو كەسەی كە لە پێغەمبەرەوە بۆی گێڕامەوە ووتی: وەكو ئێستا تەماشای سپێتی هەردوو باڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بكەم كاتێك هەڵی كردبوو ، پاشان بەردەكەی هەڵگرت وخستيە سەر شانی و فەرمووی: بەم بەردە گۆڕی براكەم دەبينمەوە ، وە لە لايدا ژێر خاكی هەر كەسێك لە كەس و كارم بمرێت دەكەم [رواه أبوداود(٣/رقم/٣٢٠٦) وهو حديث حسن بڕوانە أحكام الجنائز(ل١٥٥)].

(٣٤٠) لە بەر فەرموودەكەی (عُثْمَانُ بنُ عَفَّان) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی: (( **كَانَ النَّبِيُّ** ( ﷺ) **إِذَا فَرَغَ مِنْ دَفْنِ المَيِّتِ وَقَفَ عَلَيْهِ فَقَالَ: اسْتَغْفِرُوْا لِأَخِيْكُمْ ، وَسَلُوْا لَهُ التَّثْبِيْت ، فَإِنَّهُ الآنَ يُسْأَل** )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) هەر كاتێك لە ژێر خاك كردنی مردو ببوايەتەوە ، لە سەری ڕادەوەستا و دەيفەرموو: داوای لێ بوردن بۆ براكەتان بكەن ، وە داوای ئەوەی بۆ بكەن _ خوای گەورە _ جێگری بكات ، چونكە ئێستا

ئەو پرسیاری لێ دەکرێت [رواه أبوداود (٣/رقم/٣٢٢١) و الحاكم (٣٧٠/١) وهو صحيح الإسناد ، بروانە أحكام الجنائز(ل١٥٦)].

(٣٤١) لە بەر فەرموودەکەی (البَرَّاءُ بنُ العَازِب) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: لە گەڵ پێغەمبەری خوا دا( ﷺ) دەرچووین لە شوێن جەنازەی پیاوێك لە (أنْصَار) ، جا کە گەیشتین لای گۆڕەکەی هێشتا (لَحْد) نەکرابوو ، جا پێغەمبەری خوا( ﷺ) دانیشت و ئێمەیش بە دەورووبەریدا دانیشتین ، وەکو باڵندە بە سەر سەرمانەوە نشتبێتەوە ، وە دارێکی بە دەستەوە بوو لە زەوی دەدا ، جا سەری بەرز کردەوە فەرمووی: (( **إسْتَعِيْذُوْا بِالله مِنْ عَذَابِ القَبْرِ** )) واتە: پەنا بگرنە خوا لە سزای ناو گۆڕ ، _ دوو جار یان سێ جار دوو بارەی کردەوە _ ، پاشان فەرمووی: (( **إنَّ العَبْدَ المُؤْمنَ إذَا كَانَ فِي إنْقطَاعٍ مِنَ الدُّنْيَا ، وإقْبَالٍ مِنَ الآخرَةِ ، نَزَلَ إلَيْه مَلَائكَةٌ مِنَ السَّمَاء بِيْضُ الوُجُوْه كَأَنَّ وُجُوْهَهُمُ الشَّمْسُ ، مَعَهُمْ كَفَنٌ مِنْ أَكْفَانِ الجَنَّةِ ، وَحَنُوْطٌ مِنْ حَنُوْط الجَنَّة حَتَّى يَجْلسُوْا منْهُ مَدَّ البَصرِ ، ثُمَّ يَجِيءُ مَلَكُ المَوْت عَلَيْه السَّلاَمُ حَتَّى يَجْلِسَ عِنْدَ رَأْسِه ، فَيَقُوْلُ: أَيَّتُهَا النَّفْسُ الطَّيِّبَة [وفِي رواية: المُطْمَئنَّة] ، أَخْرِجِي إلَى مَغْفرَةٍ منْ الله ورِضْوَانٍ ، قَالَ: فَتَخْرُجُ تَسِيْلُ كَمَا تَسِيْلُ القَطْرَةُ منْ فِيِّ السِّقَاءُ ، فَيَأْخُذُهَا ، فَإذَا أَخَذَهَا[وفِي رواية: حَتَّى إذَا خَرجَتْ رُوْحَهُ صَلَّى عَلَيْه كُلَّ مَلَكٍ بَيْنَ السَّمَاء وَالأَرْض ، وكُلَّ مَلَكٍ فِي السَّمَاء ، وَفُتحتْ لَهُ أَبْوَابُ السَّمَاءَ ، لَيْسَ منْ أَهْلِ بَابٍ إلاَّ وَهُمْ يَدْعُوْنَ الله أَنْ يعْرجَ بِرُوْحه منْ قبَلِهِم] ، لَمْ يَدعُوْهَا فِي يَده طَرْفَةَ عَيْنٍ حَتَّى يَأْخُذُوْهَا ، فَيَجْعَلُوْهَا فِي ذَلكَ الكَفَنِ وَفِي ذَلكَ الحَنُوْط [وفِي ذلك قوله تعالى: ﴿ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا وَهُمْ لاَ يُفَرِّطُوْن ﴾]، ويَخْرُجُ منْهَا كَأَطْيَبِ نَفْحَة مِسْكٍ وُجِدتْ عَلَى وَجْه الأَرْض ، قَالَ: فَيَصْعَدُوْنَ بهَا ، فَلاَ يَمُرُّوْنَ _ يَعْنِي _ بهَا عَلَى مَلأٍ منَ المَلاَئكَة إلاَّ قَالُوْا: مَا هَذَا الرُّوْحُ الطَيِّبُ ؟ فَيَقُوْلُوْنَ : فُلاَنُ بنُ فُلاَن بأَحْسَنِ أَسْمَائه الَّتي كَانُوْا يُسَمُّوْنَهُ بهَا فِي الدُّنْيَا ، حَتَّى يَنْتَهُوْا بهَا إلَى السَّمَاء الدُّنْيَا ، فَيَسْتَفْتحُوْنَ لَهُ ، فَيُفْتَحُ لَهُمْ ، فَيُشَيِّعَهُ منْ كُلِّ سَمَاءٍ مُقَرَّبُوْهَا ، إلَى السَّمَاء الَّتي تَليْهَا ، حَتَّى يَنْتَهي بِه إلَى السَّمَاء السَّابِعَة ، فَيَقُوْلُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ: أَكْتُبُوْا كتَابَ عَبْدِيَ فِي عِلِّيِّيْن ، [﴿وَمَا أَدْرَاكَ مَا عِلِّيُّوْنَ ، كتَابٌ مَرْقُوْمٌ ، يَشْهَدُهُ المُقَرَّبُوْنَ﴾ ، فَيُكْتَبُ كتَابهُ فِي عِلِّيِّيْنَ ، ثُمَّ يُقَالُ ] : أَعِيْدُوْهُ إلَى الأَرْض ، فَإنِّي [وَعَدتُهُمْ أَنِّي] منْهَا خَلَقْتُهُمْ ، وَفِيْهَا أُعِيْدُهُمْ ، ومنْهَا أُخْرِجُهُمْ تَارَةً أُخْرَى ، قَالَ: فَ[يُردُّ إلَى الأَرْض، وَ] تُعَادُ رُوْحُهُ فِي جَسَده ، [قَالَ:**

فَإِنَّـهُ يَـسْمَعُ خفْـقَ نعَـالِ أَصْـحَابِه إِذَا ولَّـوْا عَنْـهُ][ مُـدْبِرِيْنَ] فَيَأْتِيـهُ مَلَكَـانِ [شَـدِيْدَا الإِنْتِهَارِ]فَ[يَنْتَهِرَانه ، وَ] يجْلِسَانه فَيَقُوْلاَنِ لَهُ: مَنْ رَبُّكَ ؟ فَيَقُوْلُ: رَبِّيَ اللهُ ، فَيَقُوْلاَنِ لَهُ: مَا دِيْنُكَ ؟ فَيَقُوْلُ: دِيْنِيَ الإِسْلاَمُ ، فَيَقُوْلاَنِ لَهُ: مَا هَذَا الرَّجُلِ الَّذِي بُعِثَ فِيْكُمْ ؟ فَيَقُوْلُ: هُـوَ رَسُـوْلُ اللهِ ( ﷺ) ، فَيَقُوْلاَنِ لَـهُ: وَمَـا عَمَلُـكَ ؟ فَيَقُوْلُ: قَـرَأْتُ كِتَـابَ اللهِ ، فَآمَنْتُ بِهِ ، وَصَدَقْتُ ، [فَيَنْتَهِرُهُ فَيَقُوْلُ: مَنْ رَبُّكَ ؟ مَا دِيْنُكَ ؟ مَنْ نَبِيُّكَ ؟ وَهِـيَ آخِرُ فِتْنَةٍ تُعْرَضُ عَلَى المُؤْمِنِ ، فَذَلكَ حِيْنَ يَقُوْلُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ يُثَبِّتُ اللهُ الَّذِيْنَ آمَنُـــوْا بِالقَوْلِ الثَّابِت فِي الحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾ فَيَقُوْلُ: رَبِّيَ اللهُ ، وَدِيْنِـيَ الإِسْلاَمُ ، وَنَبِيِّـي مُحَمَّدٌ ( ﷺ) ] فَيُنَادِي مُنَادٍ فِي السَّمَاءِ: أَنْ صَدَقَ عَبْدِي ، فَأَفْرِشُوْهُ مِنَ الجَنَّةِ ، وَأَلْبِسُوْهُ مِنَ الجَنَّةِ ، وَافْتَحُوْا لَهُ بَاباً إِلَى الجَنَّةِ ، قَالَ: فَيَأْتِيه مِنْ رَوْحِهَا وَطِيْبِهَا ، وَيُفْسَحُ لَـهُ فِي قَبْرِهِ مدّ بَصَرِه ، قَالَ: وَيَأْتِيـه [وفي رواية: يُمَثَّـلُ لَـهُ] رَجُـلٌ حَسَنُ الوَجْـهِ ، حسن الثِّيَابِ ، طَيِّبُ الرِّيْحِ ، فَيَقُوْلُ: أَبْشِرْ بِالَّذِيْ يَسُرُّكَ ، [أَبْشِرْ بِرِضْوَانٍ مِنَ اللهِ ، وَجَنَّاتٍ فِيْهَا نَعِيْمٌ مُقِيْمٌ] ، هَذَا يَوْمُكَ الَّذِيْ كُنْتَ تُوْعَدُ ، فَيَقُوْلُ لَـهُ: [وَأَنْتَ فَبَشَّرَكَ اللهُ بِخَيْرٍ] مَنْ أَنْتَ ؟ فَوَجْهُكَ الوَجْهُ يَجِيْءُ بِالخَيْرِ ، فَيَقُوْلُ: أَنَا عَمَلُكَ الـصَّالِحُ [فَوَاللهِ مَا عَلِمْتُكَ إِلاَّ كُنْتَ سَرِيْعَاً فِي إِطَاعَةِ اللهِ ، بَطِيْئَاً فِي مَعْصِيَةِ اللهِ ، فَجَزَاكَ اللهُ خَيْراً] ، ثُمَّ يُفْتَحُ لَهُ بَابٌ مِنَ الجَنَّةِ ، وَبَابٌ مِنَ النَّارِ ، فَيُقَالُ: هَذَا مَنْزِلُكَ لَوْ عَصَيْتَ اللهَ ، أَبْدَلَكَ اللهُ بِهِ هَذَا ، فَإِذَا رَأَى مَا فِي الجَنَّـةِ قَالَ: رَبِّ عَجِّلْ قِيَامَ السَّاعَةِ ، كَيْمَا أَرْجِعُ إِلَى أَهْلِي وَمَالِي ، [فَيُقَالُ لَهُ: أَسْكُنْ] ، قال :

وَإِنَّ العَبْدَ الكَافِر ( وفي رواية: الفَاجِر ) إِذَا كَانَ فِي إِنْقِطَاعٍ مِنَ الدُّنْيَا ، وَإِقْبَالٍ مِنَ الآخِرَةِ ، نَـزَلَ إِلَيْـهِ مِـنَ السَّمَاءِ مَلاَئِكَـةٌ [غِلاَظٌ شِدَادٌ] ، سُوْدُ الوُجُـوْه ، مَعَهُـمْ المُسُوْح [مِنَ النَّارِ] ، فَيَجْلِسُونَ مِنْهُ مَدَّ البَصَرِ ، ثُمَّ يَجِيْءُ مَلَكُ المَوْتِ حَتَّى يَجْلِسَ عِنْدَ رَأْسِهُ ، فَيَقُوْلُ: أَيَّتُهَا النَّفْسُ الخَبِيْثَةُ أُخْرُجِي إِلَى سَخَطٍ مِنَ اللهِ وَغَضَب ، قَالَ: فَتَفَرَّق فِي جَسَدِه فَيَنْتَزِعُهَا كَمَا يَنْتَزِعُ السُّفُوْد [الكَثِيْرُ الشُّعَب] مِنَ الصُّوْفِ المَبْلُوْلِ ، [فَتَقْطَعُ مَعَهَا العُرُوْقُ وَالعَصَب] ، [فَيَلْعَنُهُ كُلُّ مَلَكٍ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ ، وَكُلُّ مَلَكٍ فِي السَّمَاءِ ، وَتُغْلَقُ أَبْوَابُ السَّمَاءِ ، لَيْسَ مِنْ أَهْلِ بَابٍ إِلاَّ وَهُمْ يَدْعُوْنَ اللهَ أَلاَّ تُعْرَجَ رُوْحَهُ مِنْ قِبَلِهِمْ ] ، فَيَأْخُذَهَا ، فَإِذَا أَخَذَهَا ، لَمْ يَدَعُوْهَا فِي يَدِه طَرْفَةَ عَيْنٍ حَتَّى يَجْعَلُوْهَا فِي تِلْكَ المُسُوْح ، وَيُخْرَجُ مِنْهَا كَأَنْتَنِ رِيْحِ جِيْفَةٍ وُجِدَتْ عَلَى وَجْهِ الأَرْضِ ، فَيَصْعَدُوْنَ بِهَا ، فَلاَ يَمُرُّوْنَ بِهَا عَلَى مَلأٍ مِنَ المَلاَئِكَةِ إِلاَّ قَالُوْا: مَا هَذَا الرُّوْحُ

الخَبِيْث ؟ فَيَقُوْلُوْنَ: فَلاَنُ إِبْنُ فُلاَنٍ بِأَقْبَحِ أَسْمَائِه الَّتِي كَانَ يُسَمَّى بِهَا فِي الدُّنْيَا ، حَتَّى يَنْتَهِي بِهِ إِلَى السَّمَاء الدُّنْيَا ، فَيُسْتَفْتَحُ لَهُ ، فَلاَ يُفْتَحُ لَهُ ، ثُمَّ قَرَأَ رَسُوْلُ الله ( ﷺ) ﴿ لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاء وَلَا يَدْخُلُوْنَ الجَنَّةَ حَتَّى يَلِجَ الجَمَلُ فِي سَمِّ الخِيَاطِ ﴾ (الأعراف: ٤٠) فَيَقُوْلُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ: أُكْتُبُوْا كِتَابَهُ فِي سِجِيْن ، فِي الأَرْضِ السُّفْلَى ، [ثُمَّ يُقَالُ: أَعِيْدُوْا عَبْدِي إِلَى الأَرْضِ فَإِنِّي وَعَدْتُهُمْ أَنِّي مِنْهَا خَلَقْتُهُمْ ، وَفِيْهَا أُعِيْدُهُمْ ، وَمِنْهَا أُخْرِجُهُمْ تَارَةً أُخْرَى ] فَتُطْرَحُ رُوْحُهُ [مِنَ السَّمَاء] طَرحاً [حَتَّى تَقَعَ فِي جَسَده] ثُمَّ قَرَأَ ﴿ وَمَنْ يُشْرِكْ بِالله فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاء فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ أَوْ تَهْوِي بِهِ الرِّيْحُ فِي مَكَانٍ سَحِيْقٍ ﴾ (الحج: ٣١) ، فَتُعَادُ رُوْحُهُ فِي جَسَدِهِ ، [قَالَ: فَإِنَّهُ لَيَسْمَعُ خَفْقَ نِعَالِ أَصْحَابِه إِذَا وَلَّوْا عَنْهُ ] .

وَيَأْتِيهُ مَلَكَانِ [شَدِيْدَا الإِنْتِهَار ، فَيَنْتَهِرَانه ، وَ] يُجْلِسَانه ، فَيَقُوْلاَنِ لَهُ: مَنْ رَبُّكَ ؟ [فَيَقُوْلُ: هَاه هَاه لاَ أَدْرِي ، فَيَقُوْلاَنِ لَهُ: مَا دِيْنُكَ ؟ فَيَقُوْلُ: هَاه هَاه لاَ أَدْرِي ] ، فَيَقُوْلاَنِ: فَمَا تَقُوْلُ فِي هَذَا الرَّجُلِ الَّذي بُعِثَ فِيْكُمْ ؟ فَلاَ يَهْتَدِي لِإِسْمِه ، فَيُقَالُ: مُحَمَّد ! فَيَقُوْلُ: هَاه هَاه لاَ أَدْرِي [سَمِعْتُ النَّاسَ يَقُوْلُوْنَ ذَاكَ ! قَالَ: فَيُقَالُ: لاَ دَرَيْتَ ] ، [وَلاَ تَلَوْتَ] ، فَيُنَادِي مُنَادٍ مِنَ السَّمَاء أَنْ كَذَبَ ، فَأَفْرِشُوْا لَهُ مِنَ النَّارِ ، وَافْتَحُوْا لَهُ بَاباً إِلَى النَّارِ ، فَيَأْتِيه مِنْ حَرِّهَا وَسُمُوْمِهَا ، وَيُضَيَّقُ عَلَيْه قَبْرُهُ حَتَّى تَخْتَلِفَ فِيْه أَضْلاَعهُ ، وَيَأْتِيه [وَفِي رِوَاية: وَيُمَثَّلُ لَهُ] رَجُلٌ قَبِيْحُ الوَجْه ، قَبِيْحُ الثِّيَاب ، مُنْتِن الرِّيْحِ ، فَيَقُوْلُ: أَبْشِرْ بِالَّذِي يَسُوْؤُكَ ، هَذَا يَوْمُكَ الَّذي كُنْتَ تُوْعَدُ ، فَيَقُوْلُ [وَأَنْتَ فَبَشَّرَكَ اللهُ بِالشَّرِّ] مَنْ أَنْتَ ؟ فَوَجهُكَ الوَجْهُ يَجِيْءُ بِالشَّرِّ ! فَيَقُوْلُ: أَنَا عَمَلُكَ الخَبِيْث ، [فَوَالله مَا عَلِمْتُكَ إِلاَّ كُنْتَ بَطِيْئاً عَنْ طَاعَةِ الله ، سَرِيْعاً إِلَى مَعْصِيَةِ الله] ، [فَجَزَاكَ اللهُ شَرّاً ، ثُمَّ يُقَيَّضُ لَهُ أَعْمَى أَصَمٌّ أَبْكَمٌ فِي يَده مِرْزَبَة ! لَوْ ضَرَبَ بِهَا جَبَل كَانَ تُرَاباً ، فَيَضْرِبهُ ضَرْبَةً حَتَّى يَصِيْرَ بِهَا تُرَاباً ، ثُمَّ يُعِيْدُهُ اللهُ كَمَا كَانَ ، فَيَضْرِبهُ ضَرْبَةً أُخْرَى ، فَيَصِيْحُ صَيْحَةً يَسْمَعهُ كُلَّ شَيْءٍ إِلاَّ الثَّقَلَيْنِ ، ثُمَّ يُفْتَحُ لَهُ بَابٌ مِنَ النَّارِ ، وَيمهد مِنْ فُرُشِ النَّارِ] فَيَقُوْلُ: رَبِّ لاَ تُقِمِ السَّاعَة )) واته: بە ڕاستی بەندەی باوەڕ دار ئەگەر

........................................

لە دنیا ببڕێت و ڕوو لە دوا ڕۆژ بکات ، چەند فریشتەیەکی لە ئاسمانەوە بۆ لا دادەبەزێت ، دەم وچاویان سپیە و ڕوویان وەکو خۆر وایە ، کفنیان پێیە لە کفنی بەهەشتە ، وە

(حَنُوْط)یان پێیە لە (حَنُوْط)ی بەهەشت – (حَنُوْط) : ئەو بۆنەیە كە بۆ كفن و لاشەی مردو كار دەهێنرێت – هەتا لە لایدا دادەنیشن چەند چاوو بڕ بكات ، پاشان فریشتەی گیان كێشان ( (سَلاَم)ی خوای لێ بێت ) دێت تا لە لای سەریەوە دادەنیشێت و دەفەرمووێ: ئەی ڕووح و گیانی پاك ، دەربچۆ بۆ لێبوردن و ڕەزامەندی خوا ، فەرمووی: جا دەردەچێت وەكو چۆن قەترە ئاوێك لە دەمی پەرداخێك بەردەبێتەوە ، جا دەیبات ، وە ئەگەر بردیشی یەك چاوتروكاندن بەری نادات تا دەیبەن و دەیخەنە ناو ئەو كفن و ئەو(حَنُوْط)ەوە ، وە دەردەچێت لێیەوە وەك خۆشترین بۆنی میسك بینراو بێت لە سەر ڕووی زەویدا ، فەرمووی: جا بەرزی دەكەنەوە و تێ ناپەڕن بە لای هیچ كۆمەڵێكدا – كۆمەڵی فریشتەیە – (ئیللا) دەڵێن: ئەم ڕووحە پاكە كێیە ؟ ئەوانیش دەڵێن: فلانی كوڕی فلانە ، بە جوانترین ناوەكانی كە بانگیان پێی دەكرد لە دونیا ، تا دەیگەیەنن بە ئاسمانی دونیا ، جا لە دەرگا دەدەن ، دەرگایان بۆ دەكرێتەوە ، جا لە هەموو ئاسمانێك نزیكەكانیان _ لە خواوە _ شوێنی دەكەون تا دەیگەیەننە ئاسمانەكەی تر ، تا دەگەنە ئاسمانی حەوتەم ، جا خوای گەورە دەفەرمێ : نوسراوی بەندەكەم لە (عِلِّيِّين) بنوسنەوە ، وە بیگێڕنەوە بۆ زەوی ، چونكە من لەوە بە دیم هێناون وە بۆ ئەوەیش دەیانگێڕمەوە ، وە لەوێشەوە دەریان دەكەمەوە جارێكی تر ، فەرمووی: جا ڕووحەكەی دەگێڕێتەوە بۆ لاشەكەی ، وە دوو فریشتە دێن بۆ لای دای دەنیشێنن ، وپێی دەڵێن: پەروەدگارت كێیە ؟ ئەویش دەڵێت: پەروەدگارم (الله)یە ، جا پێی دەڵێن: ئاینت چیە ؟ ئەویش دەڵێ: ئایینم ئیسلامە ، جا پێی دەڵێن: ئەو پیاوەی كە بۆتان ڕەوانە كرا چیە ؟ ئەویش دەڵێ: ئەو پێغەمبەری خوایە (ﷺ) ، جا پێی دەڵێن: زانیاریت چیە ؟ ئەویش دەڵێت: كتابی خوام خوێندەوە و باوەڕم پێ هێنا و بە ڕاستم خستەوە ، جا بانگ دەرێك لە ئاسمانەوە بانگ دەكات: كەوا بەندەكەم ڕاستی كرد ، جێگای لە بەهەشتەوە بۆ ڕاخەن ، وە جل وبەرگی لە بەهەشتەوە بكەنە بەر ، وە دەرگایەكی بۆ بكەنەوە بەرەو بەهەشت ، فەرمووی: جا لە باو بۆنی خۆشی بەهەشتی بۆ دێت ، وە گۆڕەكەی بۆ

.............................................

فراوان دەكەنەوە چەند چاوی بڕ بكات ، فەرمووی: وە پیاوێكی دەم وچاو جوان دێت بۆ لای ، جل و بەرگی جوانە ، بۆنی خۆشە ، پێی دەڵێت: مژدە بێت بەوەی دڵخۆشت دەكات ، ئەمە ئەو ڕۆژەیە كە پەیمانت پێ دەدرا ، ئەویش پێی دەڵێت: تۆ كێی ؟ ڕووت ئەو

ڕووەیـە کـە چـاکە دێنێـت . ئـەویش دەڵێـت: مـن کـردەوە چـاکەکانی تـۆم ، جـا دەڵـێ: پەروەدگار قیامەت هەڵسێنە تا بگەڕێمەوە بۆ لای ماڵ وکەس و کارم .

فەرمووی: وە بەندەی بێبـاوەڕ ئەگـەر لـە دونیـا ببڕێـت و ڕوو لـە دوا ڕۆژ بکـات ، لـە ئاسمانەوە چەند فریشتەیەکی دەم وچاو ڕەشی بۆ لا دادەبەزێت (مُسُوْح)یان پێیە ، جـا لـە لایدا دادەنیشن چـەندێك چـاو بـڕ بکـات ، پاشـان فریـشتەی گیـان کێـشان دێـت تـا لـە لای سەرەیەوە دادەنیشێت ، وە دەفەرمێ: ئەی ڕووح و گیانی پیس ، دەرچۆ بۆ قین و تـووڕیی خوای گەورە ، فەرمووی: جا بەش بـەش دەبێتـەوە لـە لاشـەیدا ، جـا ڕای دەکێـشێت هـەر وەکو چۆن (سُفُوْد) — شیشی گۆشت سوور کردنەوە — بە ناو خوری تەڕدا ڕابکێشرێت ، جا دەیبـات ، وە ئەگـەر بردیـشی یـەك چـاو تروکانـدنێك بـەری نـادات تـا دەیخەنـە نـاو ئـەو (مُـسُوْح)ەوە — کـە کفنێکـی زۆر زبـرە — وە لێیـەوە دەردەچـێت وەك بۆگـەنترین لاك بینراوبێـت لـە سـەر ڕووی زەویـدا ، جـا بـەرزی دەکەنـەوە ، وە تێناپـەڕن بـە لای هـیچ کۆمەڵێکی فریشتەدا (ئیللا) دەڵێن: ئەو ڕوحە پیسە کێیە ؟ جا دەڵێن : فلانـی کـوڕی فلانـە بە ناخۆش ترین ناوەکانی کە پێی بانگ دەکرا لە دونیادا ، تا دەیگەیەننە دەرگای ئاسمانی دونیا ، جا لە دەرگا دەدەن بۆیان نایکەنـەوە ، پاشـان پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئـەم ئایەتـە خوێنـدەوە: ﴿ لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاءِ وَلَا يَدْخُلُوْنَ الجَنَّةَ حَتَّى يَلِجَ الجَمَلُ فِـي سَمِّ الخِيَاطِ ﴾ (الأعراف: ٤٠) واتە: وە دەرگاکانی ئاسمانیـان بـۆ ناکرێتـەوە ، وە نایشـچنە بەهەشـتەوە ، تـا ووشـتر دەچـێتە کـونی دەرزییـەوە . جـا خـوای گـەورە دەفـەرمێ: نووسراوەکەی لە (سِجِّيْن)دا بنووسنەوە ، لە زەوی ژێریدا ، جـا ڕوحەکـەی فـڕێ دەدەنـەوە خوارەوە ، بە فڕێدان ، پاشان ئـەم ئایەتـەی خوێنـدەوە: ﴿ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاءِ فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ أَوْ تَهْوِي بِهِ الرِّيْحُ فِي مَكَانٍ سَحِيْقٍ ﴾ (الحج: ٣١) واتە: وە هەر کەسێك هـاوەڵ بـۆ خـوای گـەورە بڕیـار بـدات ، وەك ئەوەیـە لـە ئاسمانـەوە کەوتبێتـە خوارەوە ، وە باڵندە بـە هـەوا دا بیرفێنـێ ، یـان گـژەبا فڕێـی بداتـە شـوێنێکی دوور . جـا ڕووحەکەی دەگێڕێتەوە بۆ لاشـەکەی ، وە دوو فریـشتە دێنـە لای ودای دەنیـشێنن و پـێی دەڵێن: پەروەدگارت کێیە ؟ ئەویش دەڵێت: هاە هـاە ، نـازانم . جـا پێـی دەڵـێن: ئاییـنت چیە ؟ ئەویش دەڵێت: هاە هاە ، نازانم . جا پێی دەڵێن: ئەو پیاوەی کـە بۆتـان ڕەوانـە کرا چیە ؟ ئەویش دەڵێت: هاە هاە ، نازانم . جا بانگ دەرێك لە ئاسمانەوە بانگ دەکات: کەوا درۆی کرد جێگایەکی لە ئاگر بۆ ڕابخەن ، وە دەرگایەکی بۆ بکەنـەوە بـەرە و دۆزەخ ،

جا لە گەرمی وناخۆشی دۆزەخی بۆ دێت ، و گۆڕەكەی لە سەر تەنگ دەبێتەوە و دێتەیەك تا پەراسوەكانی دەچن بە ناویەكدا ، وە پیاوێكی دەم وچاو ناشیرینی بۆ لادێت ، جل وبەرگ ناشیرین ، بۆگەن ، پێی دەڵێ: مژدە بێت بەوەی دڵ ناخۆشت دەكات ، ئەمە ئەو ڕۆژەیە كە پەیمانت پێ دەدرا ، ئەویش دەڵێ: تۆ كێی ؟ ڕووت ئەو ڕووەیە كە شەڕ و خراپە دێنێت ؟ ئەویش دەڵێ: من كردەوە خراپەكانی تۆم ، جا دەڵێ: پەروەردگار قیامەت هەڵمەسێنە [رواه أحمد ( ٥٣/٧٤/٧) وأبو داود (٤/رقم/٤٧٥٣) وغيرهما وهو حديث صحيح ، بروانە ( أحكام الجنائز للألباني) (ل ١٥٧-١٥٩) ].

# دڵ دانەوەی كەس وكاری مردو
# (تَعْزِيَةُ أَهْلِ المَيِّتِ)

**سوننەتە دڵ دانەوەی كەس و كاری مردو بە شتێك لە دڵ تەنگی وناخۆشیەكانیان كەم بكاتەوە وە هانیان بدات لە سەر ئارام گرتن وڕازی بوون بە قەدەری خوا[٣٤٢]، وە دروست نییە كەس وكاری مردوەكە شوێنێك دیاری بكەن بۆ كۆبونەوە بۆ (تَعْزِيَة)، وە خواردن بۆ ئەو خەڵكە دروست بكەن كە دێن بۆ (تَعْزِيَة)[٣٤٣]،**

---

(٣٤٢) لە بەر فەرموودەكەی (أُسَامَةُ بنُ زَيْد) (خوایان لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی: لە لای پێغەمبەری خوا بووین (ﷺ) جا یەكێك لە كچەكانی ناردی بە شوێنیدا و بانگی كرد وپێی ڕاگەیاند كەوا كوڕێكی لە سەرە مەرگ دایە ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **إِرْجِعْ إِلَيْهَا فَأَخْبِرْهَا: أَنَّ لِلَّهِ مَا أَخَذَ ، وَلَهُ مَا أَعْطَى ، وَكُلَّ شَيْءٍ عِنْدَهُ بِأَجَلٍ مُسَمًّى ، فَمُرْهَا فَلْتَصْبِرْ وَلْتَحْتَسِبْ** ... )) واتە: بگەڕێرەوە بۆ لای و پێی ڕابگەیەنە: كەوا موڵكی خوایە ئەوەی بیباتەوە ، وە موڵكی ئەویشە ئەوەی ببەخشێت ، وە هەمووشتێك لای ئەو بە ماوەیەكی دیاری كراوە ، جا فەرمانی پێ بكە با ئارام بگرێت و چاوەڕوانی پاداشتی خوا بێت ... [رواه البخاري (١٢٨٤/١٥٠/٣) ومسلم (٩٢٣/٦٣٥/٢)].

وە فەرموودەكەی (أُمِّ سَلَمَة) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٢٧٦) .

(٣٤٣) له بەر فەرموودەکەی (جَرِيْرُ بنُ عَبْدالله البَجَلي) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فـەرمووی: (( كُنَّا نَعدُّ الإجْتِمَاعَ إلَى أَهْلِ المَيِّتِ ، وَصَنِيْعَةُ الطَّعْامِ بَعْدَ دَفْنه منَ النِّيَاحَة )) واتـه: ئێمه کۆبوونەوە له لای کەس‌و کاری مردو( تَعْزِيَة) و دروسته کردنی خـواردن پـاش ناشـتنی مردو هەردووکیمان به شیوەن دا دەنا – مەبەستی وەکو شـیوەن بـه حـەراممان دەزانـی _ [رواه إبن ماجة (١٦١٢/٥١٤/٤) وأحمد (٦٩٠٥) وصححه النـووي في المجـوع (٣٢٠/٥) والبوصـيري في الزوائـد وصححه الألباني في صحيح إبن ماجة(١٣٠٨)].

ئیمامی (النَّـوَوِي) دەفـەرمێ: وە دانیـشتن بـۆ (تَعْزِيـه)(شَـافعي) و (مُـصَنِّف) – دانـەری (مُهَذَّب)ە کە خۆی (مَجْمُـوع)ی لـه شـەرحیدا دانـاوە – وە هـاوەڵان _ هـاوەڵانی شـافعی _ (نَص)یان پێدا ناوە کە (مَكْرُوْه)ە ، فەرموویانه: مەبەست بە دانیشتن ئەوەیە کـەس‌و کـاری مردوەکە له شوێنێکدا دانیشن ، وە ئەوانەیشی دەیانەوێت سەرخۆشیان لێ بکەن ڕوو بکەنـه ئەو شوێنه ، فەرموویانە: بەڵکو دەبێت هەر کەسێك بۆ ئیش‌و کاری خۆی بـڕوات ، جـا هـەر کەسێك پێیان گەیشت سەرخۆشیان لێ دەکات ، وە جیاوازی نییه ، له نێوان پیـاو وئـافرەت دا له (كَرَاهَة)ی دانشتن دا [المجموع (٣٠٦/٥)].

وە مەبەستی (النَّوَوِي) بە (نَص)ی(شَافعي) ئەوەیە کە له[الأم (٢٤٨/١)] دەیفەرمێ : ( وَأَكْـرَهُ المَأْتَمَ ، وَهِيَ الجَمَاعَةُ وَإنْ لَمْ يَكُنْ لَهُمْ بُكَاء ، فَإنَّ ذَلكَ يُجَدِّدُ الحُزْنَ وَيُكَلِّفُ المُؤْنَةَ مَعَ مَا مَضَى فيْهِ منَ الأَثَر ) واته: (مأتم) به باش نازانم ، ئەویش ئەو کۆبوونەوەیـه کـه بـۆ کـەس وکـاری مردو دەکرێت تا خەڵکی سەر خۆشیان لێ بکات ، بـا گریانیـشی لـه گەڵـدا نـەبێت ، چـونکه ئەوە دڵ تەنگیەکە تازە دەکاتەوە و ئەرکیش له سەریان دروست دەکات ، له گەڵ ئەو(أثـر) انەی پێشوویش کە له بارەیەوە هاتووە .

وە (النَّوَوِي) دەفەرمێ: وە (مُصَنِّف) و کەسانی تریش بەڵگەیەکی تریشی بۆ دەهێننەوە – له سەر (كَرَاهَة)ی– ئەویش ئەوەیە کەوا شتێکی داهێنراوە و(بِدْعَه)یه .

بەڵکو سوننەته خزم ودۆستان ودراوسێکانیان خواردنیان بـۆ دروسـت بکـەن ، لـه بـەر فەرموودەکـەی (عَبْـدُالله بـنِ جَعْفَـر) (خوایـان لێ رازی بێـت) کـەوا کاتێـك (جَعْفَـر) کـوژرا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إصْنَعُوْا لآلِ جَعْفَر طَعَاماً ، فَقَدْ أَتَاهُمْ أَمْرٌ شَغَلَهُمْ ، أَوْ أَتَاهُمْ مَا يُشْغلُهُمْ )) واته: خـواردن بـۆ کـەس وکـاری (جَعْفَـر) دروسـت بکـەن ، چـونکه ئەوان ئەوەیان بە سەردا هاتووە کـەوا سـەرقاڵی کـردوون [رواه أبـو داود (٣١١٦/٤٠٦/٨) والترمـذي (١٠٠٣/٢٣٤/٢) وإبن ماجة (٤٩٠/١) وهو حديث حسن ، بروانه صحيح الجامع(١٠١٥) ].

# ئەو شتانەی سوود بە مردو دەگەیەنێت

## ( مَا يَنْتَفِعُ بِهِ المَيِّت )

**دوعای موسوڵمانان[٣٤٤] و بژاردنی قەرزەکانی[٣٤٥]،**

(٣٤٤) لە بەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (الحشر: ١٠) دا دەفەرمێ: ﴿ وَالَّذِيْنَ جَاءُوا مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُوْلُوْنَ رَبَّنَا إغْفِرْلَنَا وَلإخْوَانِنَا الَّذِيْنَ سَبَقُوْنَا بالإيْمَان وَلاَ تَجْعَلْ فِي قُلُوْبِنَا غَلًّا لِلَّذِيْنَ آمَنُوا رَبَّنَا إنَّكَ رَؤُوْفٌ رَحِيْمٌ ﴾ واتە: وە ئەوانەی کە لە دوای ئەوان – کۆچەران(مُهَاجِرِيْن) و سەرخەران(أنْصَار) – دێن دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان لێمان ببورە وە لەو برایانەیشمان کە پێشمان کەتوون لە باوەڕهێناندا و....

وە لە بە فەرموودەکەی (أُمّ الدَّرْدَاء) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **دَعْوَةُ المَرْءِ المُسْلِمِ لأَخِيْهِ بِظَهْرِ الغَيْبِ مُسْتَجَابَةٌ ، عِنْدَ رَأْسِهِ مَلَكٌ مُوَكَّلٌ ، كلَّمَا دَعَا لأَخِيْهِ بِخَيْرٍ ، قَالَ المَلَكُ المُوَكَّلُ بِهِ : آمِيْنَ ، وَلَكَ بِمِثْلٍ** )) واتە: دوعای موسوڵمان بۆ برای موسوڵمانی بە پەنهانی وەرگیراوە ، لە لای سەریدا فریشتەیەکی تایبەتی بۆ دانراوە ، هەر کاتێك دوعای خێر بۆ براکەی بکات ، فریشتە تایبەتەکە دەڵێ: خوایە وەڵام بدەرەوە ، وە هەر وەها بۆ خۆیشی [رواه مسلم(٤/ ٢٠٩٤/٢٧٣٣)].

(٣٤٥) لە بەر فەرموودەکەی ( أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) بڕوانە (پ ٢٧٩).

**وە گێڕانەوەی نەزرێك کە بە جێی نەهێنا بێت ئەگەر ڕۆژوویش بێت[٣٤٦] ، وە کارێکی چاکەی بەردەوام کە لە پاش خۆیشی بەردەوام بێت ، وە زانیاریەك کە لە پاش خۆی خەڵکی سوودی لێ وەربگرن ، وە ئەوەی نەوەی ساڵح بیکات لە کاری چاکە[٣٤٧].**

(٣٤٦) لە بەر ئەو فەرموودانەی کە لەو بارەیەوە هاتون ، لەوانە فەرموودەکەی (سَعْدُ بنُ عُبَادَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد و فەرمووی : (( **إنَّ أُمِّي مَاتَتْ وَعَلَيْهَا نَذْرٌ ؟ فَقَالَ: إقْضِهِ عَنْهَا** )) واتە: دایکم مرد و نەزری ڕۆژووی لە سەر بوو ؟ ئەویش فەرمووی : بیگێڕەوە بۆی [رواه البخاری (٥/٣٨٩/٢٧٦١) ومسلم ( ٣/١٢٦٠/١٦٣٨) وغيرهما].

(٣٤٧) له بەر فەرموودەكەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لیّ رازی بیّت) كەوا پێغەمبەری خوا ( ﷺ) فەرمووی: (( إِذَا مَاتَ الإِنْسَانُ إِنْقَطَعَ عَمَلُهُ إِلاَّ مِنْ ثَلاَثٍ: إِلاَّ مِنْ صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ ، أَوْ عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ ، أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُوْا لَهُ )) واتە: ئەگەر ئادەمیزاد بمرێت كردەوەی دەبڕێت تەنها له سیّ – ڕێگاوە – نەبێت: له چاكە و خێرێكی بەردەوام ، یان زانیارییەك سوودی لیّ وەربگیرێت ، یان ڕۆڵەیەكی چاك دوعای خێری بۆ بكات [رواه مسلم (١٦٣١/١٢٥٥/٣) وابوداود(٢٨٦٣/٨٦/٨) وغيرهما].

## تێبینی:

ئێستا له وڵاتی ئێمە ئەگەر كەسێك بمرێت دوای تەواو بوونی كۆڕی تعزێی كە دوو ڕۆژ یان زیاتر دەخایەنێت ، كەس وكاری مردوەكە دەڕۆن كۆڵكە مەلایەك پەیدا دەكەن ، تا وەكو ئیسقای تاوانەكان(إِسْقَاطُ الذُّنُوب)ی مردوەكەیان بكەن ، ئیتر نوێژی كردبێت یان نەء ، باوەڕدار بێت یان نەء ، كاكی كۆڵكە مەلا دەست دەكاتە ژماردنی تاوانەكانی ، هەر لە نوێژ نەكردنیەوە و ڕۆژوو نەگرتن و زەكات نەدان و .. هتد هەموو تاوانەكانی لە سەر لا دەبات بە چەند دینارێكی بیّ نرخ ، بەبیّ ئەوەی هیچ بەلگەیەكی شەرعیان بەدەستەوە بێت ، مەگەر بەلگەی عەقلّی _ كە لە ڕاستیدا بەلگەی بیٖ عەقلّیە نەك عەقلّی چونكە عەقلّی پاك هەرگیز دژایەتی نەقلّی ڕاست ناكات _ ، هەر وەكو گاورەكان(نَصَارى) كە لە سەر ساڵدا ڕوو دەكەنە كەنیسەكان و قەشەكان (صكوك الغفران)یان بۆ دەكەن ، بە هەندێك پارە هەرچیان كردبێت خوا لێیان دەبورێت ، (تَعَالَى الله عَمَّا يَقُولُون عُلُوّاً كَبِيْرَاً ) .

# سەردانی گۆرستان
# ( زِيَارَةُ القُبُور )

**دروستە سەردانی گۆڕستان بۆ پیاو و ئافرەت ، بە مەبەستی پەند وەرگرتن و یاد كردنەوەی دوا ڕۆژ**[٣٤٨] ،

(٣٤٨) لـه بـەر فەرموودەکـەی (أَبُـو سَـعِيْد الخُـدْرِي) (خـوای لێ رازی بێـت) کـەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إِنِّي نَهَيْتُكُمْ عَنْ زِيَارَةِ القُبُوْرِ فَزُوْرُوْهَا فَإِنَّ فِيْهَا عِبْرَة ، وَلاَ تَقُوْلُوْا مَا يُسْخِطُ الرَّبّ )) واتە: من قەدەغەم لێ کردن کەوا سەردانی گۆڕستان بکەن ، دە ئێستا سەردانی بکەن ، چونکە پەند وئامۆژگاری تێدایـە ، وە شـتێك مـەڵێن کـە پـەروەرگارتان لێ تـۆڕە بکـات [رواه الحـاكم (٣٧٤/١) والبيهقـي (٧٧/٤) دون الجملـة الأخـيرة فأنهـا للبـزار (٨٦١/٤٠٧/١) ومسلم عن (بريدة) بلفظ آخر ( ٩٧٧/٦٧٢/٢) وهو حديث صحيح ، بروانه أحكام الجنائز(ل١٧٩) ].

**تێبینی:**

**وە ئافرەتیش وەکو پیاو وایە لە سەردانی گۆڕستاندا لە بەر ئەم هۆیانە:**

١- فەرموودەکـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) : (( .. فَزُوْرُوْهَـا ..)) واتـە: .. دە سەردانی بکەن .. (عام)ە وئافرتیشی بەردەکەوێت .

٢- لە هۆی حەڵاڵ کردنەکەدا کە یاد کردنەوەی مردنە ، ئافرەت وپیاو وەك یەك وان .

٣- فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ رازی بێـت) کـە لـە (پ٣٢٢)دا هێناومانەتـەوە ، بەڵگەیە کە ئافرەت دروستە سەردانی گۆڕستان بکات .

هەروەها فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن أَبِي مُلَيْكَة) کـەوا فـەرمووی: ڕۆژێـك (عَائِشَة) لـە گۆڕستانەوە هات ، جا ووتم: ئەی دایکی موسوڵمانان ، لە کوێوە دێیـت ، فـەرمووی: (( مِنْ قَبْرِ عَبْدالرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي بَكْر )) واتە: لە لای گۆڕی (عَبْدُالرَّحْمَن بـن أَبـي بَكْـر)ەوە ، ووتم: ئەی باشە پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی نەکردوە لە سـەردانی گۆڕسـتان ، فـەرمووی: (( نَعَمْ ، ثُمَّ أَمَرَ بِزِيَارَتِهَا )) واتـە: بـەڵێ ، لـە پێشدا قەدەغـەی کـرد ، پاشـان فـەرمانی بـە سەردانی کرد [رواه الحاكم في المستدرك (٣٧٦/١) وهو حديث صحيح ، بروانه أحكام الجنائز(ل١٨١)].

**بـە مـەرجێك شـتێك نـەکات خـوای گـەورە پـێی ڕازی نـەبێت ، و قەدەغەی کردبێت**(٣٤٩).

## ئەوانەی حەرامە لای گۆڕ بکرێت

## (مَايَحْرُمُ عِنْدَ القُبُوْرِ)

**سەربڕین با لە بەر خوایش بێت**(٣٥٠)،

(٣٤٩) وەك (طَوَاف)كردن بە دەوریدا و هـاوار پـێ كردنـی و داوا لێ كردنـی وپـەنا پـێ بردنی و ... هتد ئەو جۆرە پەرستنانەی كە هەر دەبێت بۆ خوای گەورە بكرێت ، كە ئێستا لە وولاتی ئێمەو زۆربەی وولاتانی تری بە ناو ئیسلامدا بۆ غەیری خوا دەكرێت .

هەروەها شیوەن كردن یا شین گێڕانو ... هتد ئەو شتانەی كە دروست نییە لە سەر گۆڕ یان گۆڕستان بكرێت ، لە بەر ئـەو بەڵگانـەی پێـشوو ، وە ئـەو بەڵگانـەی تـریش كـە لەمەو پاش باسی دەكەین لە باسی (ئەو شتانەی كە حەرامە لە لای گۆڕدا بكرێت) .

## تێبینی:

هەندێك خەڵك لە وڵاتی ئێمەدا فێر بـوون لـە سـەر گۆڕسـتانەكان بـە پـارە قورئـان بـۆ مردوەكان دەخوێنن ، دەگەڕێن بە سەر ئەو ئافرەتانەدا ، كە سەردانی مردوەكانیان دەكەن ، پێیان دەڵێن: بایی ئەوەندە قورئانت بۆ بخوێنم ؟ جا بە دینار و دوو بۆیان دەخوێنن ، لـە ڕاستیدا ئەمە بازرگانی كردنە بە سەر ئایینی خواوە ! !

(٣٥٠) لە بەر فەرموودەكەی (أَنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمووی: (( **لاَ عَقْرَ فِي الإِسْلاَمِ** )) واتـە: لـە ئیـسلامدا (عَقْر) نییـە ، جـا (عَبْدُالرَّزَّاق بـن هَمَّام) لە واتای (عَقْر)دا فەرمووی: لە لای گۆڕەكەیدا مانگایەك یان شەكێكیان سـەر دەبـڕی [اخرجه أبو داود (٧١/٢) وقول عبد الرزاق له، والبيهقي (٥٧/٤) واحمد (١٩٧/٣) وإسناده على شرط الشيخين].

(شَيْخُ الإِسْلاَم إِبْنُ تَيْمِيَة) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێ: سەربڕین لەوێدا — لـە لای گۆڕدا — قەدەغەی لێ كراوە بە گشتی ، هاوڵەكانمان — حەنبەلێكان — و كەسانی تریش باسیان كردوە ، لە بەر ئەم فەرموودەیە ، (أَحْمَد) لـە ڕیوایـەتی (المَرُوزِي)دا فەرموویـەتی: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ((**لاَ عَقْرَ فِي الإِسْلاَم**)) ، كاتێـك كـە مردویـەكیان بمردایە ووشتریان لە سەر گۆرەكەی سەڕ دەبڕی ، جا پێغەمبەری خـوایش (ﷺ) قەدەغـەی لەوە كـرد . وە (أَبُـو عَبْدالله) خـواردنی گۆشتەكەیـشی بـە بـاش نـەزانیوە _ هاوەڵـەكانمان ووتویانە _ هەر وەك ئەوە وایە كەوا خەڵكێكی زۆری ئـەم كاتـەی خۆمـان لای گـۆڕدا نـان و خواردن ... دەكەنە خێر [بڕوانە إقتضاء صراط المستقيم (ل: ١٨٢)] .

هەروەها ئیمامی (النَّوَوِي) دەفەرمێ: سەربڕین و(عَقْر) كردن لـە لای گـۆڕدا (ذَم)كـراوە ، لـە بەر فەرموودەكەی (أَنَس) كە [أبوداود والترمذي ریوایەتیان كردووە وترمذى ووتویەتی: حديث حسن صحيح (٣٢٠/٥بڕوانە المجموع)] . ئەمە ئەگەر سەربڕینەكە بۆ خوا بوو بـەڵام لەوێدا سـەری بـبڕن ، جا

ئەگەر بۆ گۆڕەكە بیكات بە مەبەستی ئەوەی خۆی لێ نزیك بكاتەوە و كارێكی بۆ جێ بە جێ بكات _ سوودێكی پێ بگەیەنێت یا زیانێكی لە سەر لا بدات _ ئەوە شیركی گەورەیەو بەری نەفرەتی خوای گەورە دەكەوێت ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمێ: (( **لَعَنَ اللّهُ (وَفِي رِوَايَةٍ: مَلْعُون) مَنْ ذَبَحَ لِغَيْرِ اللهِ** )) [رواه أحمد (٢٨١٧) بسند حسن عن إبن عباس ومسلم (٨٤/٦) عن علی نحوه]. وە خواردنیشی حەرامە ، لە بەر فەرموودەی خوای گەورە: ﴿ .. **أَوْ فِسْقَاً أُهِلَّ لِغَيْرِ اللهِ بِهِ** ﴾ [بڕوانە الزواجر للفقيه الهيتمي (١٧١/١)].

**وە قەدەغەیش كراوە لە بەرزكردنەوەی ، وە لە هەڵگرتنی بە گەچ یان بە چیمنتۆ ، وە لە نووسین لە سەری ، وە لە دروست كردنی خانوو لە سەری ، وە لە دانیشتن لە سەری(٣٥١) ، وە لە نوێژ كردن ڕوو بەرەو گۆڕ(٣٥٢) ، وە لە نوێژ كردن لە لایدا با ڕوویشی تێ نەكرێت(٣٥٣) ،**

(٣٥١) لە بەر فەرموودەكەی (جَابر) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی: (( **نَهَى رَسُوْلُ الله** (ﷺ) **أَنْ يُجَصَّصُ القَبْرُ ، وَأَنْ يُقْعَدَ عَلَيْهِ ، وَأَنْ يُبْنَى عَلَيْهِ ( أَوْ يُزَادَ عَلَيْهِ ) ( أَوْ يُكْتَبَ عَلَيْهِ )** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی كردووە كەوا گۆڕ گەچ كاری بكرێت ، وە لە سەری دابنیشیت ، وە خانووی لە سەر دروست بكرێت ، یان زیاتر بەرز بكرێتەوە ، یان نووسینی لە سەر بكرێت [رواه مسلم (٩٧٠/٦٦٧/٢) والترمذي (١٠٥٨/٢٥٨/٢) والزيادتان لأبي داود (٣٢١٠/٤٥/٩) مع العون) والنسائي (٢٨٤/١)].

وە لە بەر فەرموودەكەی (أَبُو الهَيَّاج الأَسْدِي) كەوا فەرمووی: (عَلِيُّ بنُ أَبِي طَالب) پێی ووتم: (( **أَلاَ أَبْعَثُكَ عَلَى مَا بَعَثَنِي عَلَيْهِ رَسُوْلُ الله** (ﷺ) ، **أَنْ لاَ تَدَعَ تِمْثَالاً [وَفِي رواية: صُوْرَةً] [فِي بَيْتٍ] إِلاَّ طَمَسْتَهُ ، وَلاَ قَبْرَاً مُشْرَّفَاً إِلاَّ سَوَّيْتَهُ** )) واتە: ئایە ڕەوانەت نەكەم بۆ ئەوەی كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) منی بۆ ڕەوانە كرد ، ئەوەی كە هیچ بتێك (وێنەیەك) نەهێڵیت لە هیچ ماڵێكدا (ئیللا) تێكی دەیت ، وە هیچ گۆڕێكی بەرزیش نەبینیت (ئیللا) تەختی كەیت [رواه مسلم (٦١/٣) وأبوداود(٧٠/٢) والترمذي ( ١٥٣/٢) وغيرهم وەفەرموودەی تریش زۆرە لەم بارەیەوە بڕوانە (احكام الجنائز (ل ٢٠٤-٢١٠)].

(٣٥٢) لە بەر فەرموودەكەی (أَبُو مَرْثَد الغَنَوِي) (خوای لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا ( ﷺ) فەرمووی: (( **لَا تُصَلُوا إِلَى القُبُورِ ، وَلاَ تَجْلِسُوا عَلَيْهَا** )) واتە: نوێژ بەرەو

گۆڕ مەکەن ، وە لە سەریشی دامەنیشن [رواه مسلم (٩٧٢/٦٦٨/٢) وأبو داود (٣٢١٣/٤٩/٩مع العون) والترمذي (١٠٥٥/٢٥٧/٢) والنسائي (٦٧/٢)].

(٣٥٣) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُـو سَـعِيْد الخُـدْرِي) (خـوای لێ رازی بێـت) کـەوا پێغەمبەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی: (( **الأَرْضُ كُلُّهَا مَسْجِدٌ إِلاَّ المَقْبَرَةِ وَالحَمَّامِ** )) واتـە: زەوی هـەمووی مزگەوتـە – پاکـە بـۆ نوێـژ کـردن لـە سـەری – جگـە لـە گۆڕسـتان و گەرماو(حَمَّام) _ شوێنی خۆ شۆردن _ نەبێت [رواه أبو داود (٤٨٨/١٥٨/٢) والترمذي (٣١٦/٩٩/١) وغيرهما وهو حديث صحيح ، بروانه الإرواء (٢٨٧) وصحيح الجامع(٢٧٦٧)].

وە لە بەر فەرموودەکەی(أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **إِجْعَلُوْا فِي بِيُوْتِكُمْ مِنْ صَلاَتِكُمْ ، وَلاَ تَجْعَلُوْهَا قُبُوْرَاً** )) واتە: هەندێك لە نوێژەکانتان – نوێژی سوننەت – لە ماڵەکانتاندا بکەن ، وە ماڵەکانتان مەکەنە گۆڕستان [رواه البخاری (٤٢٠/١) ومسلم (١٨٧/٢) وغيرهما].

---

**وە لە دروست کردنی مزگەوت لە سەری(٣٥٤)، وە لە کردنی بە شوێنی جەژن و شادی(٣٥٥)، وە لە سەفەر کردن وبار پێچانەوە بۆ لای(٣٥٦)، وە لە داگیرساندنی گڵۆپ وچرا لە سەری(٣٥٧)، وە قەدەغەیش کراوە لە شکاندنی ئێسقانی مردو(٣٥٨).**

---

(٣٥٤) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **قَاتَلَ اللهُ اليَهُوْدَ ( وفِي روايةٍ: لَعَنَ اللهُ اليَهُوْدَ وَالنَّصَارَى ) إِتَّخَذُوْا قُبُوْرَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ** )) واتە: خوای گەورە جوولەکە و گاوورەکان بکوژێت (نەفرەتی خوا لە جوولەکە و گاوورەکان) چونکە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کردە مزگەوت [رواه البخاری (٤٢٢/١) وأبوداود (٧١/٢) وغيرهما والرواية الثانية لمسلم وابوعوانة (٤٠٠/٢)] .

وە فەرموودەکەی (عَبْدُالله بِنِ مَسْعُوْد) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست کەوا فەرمووی: (( **إِنَّ مِنْ شِرَارِ النَّاسِ مَنْ تُدْرِكُهُ السَّاعَةُ وَهُمْ أَحْيَاء ، وَمَنْ يَتَّخِذُ القُبُوْرَ مَسَاجِد** )) واتە: خراپترین خەڵکی ئەو خەڵکەیە کەوا قیامەت هەڵدەسێت و ئەوان زیندوون ، وخەڵکێکە کە گۆڕ دەکەنە مزگەوت [رواه أحمد (٣٨٤٤) ورواه ابن ابي شيبة وابن حبان في صحيحه وهو حديث حسن ، بروانه أحكام الجنائز(ل٢١٧)].

وە فەرموودەی تر لەم بارەیەوە زۆرە بروانە [أحكام الجنائز (ل ١١٦–١١٩)].

(٣٥٥) بەوەی لە چەند کاتێکی دیاری کراو دا سەردانی بکرێت بە مەبەستی خواپەرستی کردن لە لایدا یا بۆ هەر مەبەستێکی تر ، لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَةَ) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **لاَ تَتَّخِذُوْا قَبْرِي عِيْداً ، وَلاَ تَجْعَلُوْا بِيُوْتُكُمْ قُبُوْرَاً ، وَحَيْثُمَا كُنْتُمْ فَصَلُّوْا عَلَيَّ ، فَإِنَّ صَلاَتَكُمْ تَبْلُغُنِي** )) واتە: گۆڕەکەم مەکەنە جەژن ، وە ماڵەکانیشتان مەکەنە گۆڕستان ، وە لە هەر شوێنێك دا بوون ئەوە سڵاواتم لە سەر بدەن ، چونکە سڵاواتەکانتان پێ دەگات لە ڕێگەی ئەو فریشتانەی کە بۆ ئەو مەبەستە دیاری کراوە [رواه أبو داود (٦/٣١/٢-٢٦ مع العون)].

(٣٥٦) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَةَ) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **لاَ تُشَدُّ الرِّحَالُ إِلاَّ إِلَى ثَلاَثَةِ مَسَاجِدَ: المَسْجِدِ الحَرَامِ ، وَمَسْجِدِ الرَّسُوْلِ**(ﷺ) ، **وَمَسْجِدِ الأَقْصَى** )) واتە: کۆڵ بە کۆڵدا نادرێت و سەفەر ناکرێت بۆ هیچ شوێنێك _ لە بەر پیرۆزی _ تەنها بۆ سێ مزگەوت نەبێت ، بۆ مزگەوتی حەرام ومزگەوتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و مزگەوتی (الأَقْصَى) [رواه البخاري (٣/٦٣/١١٨٩) ومسلم (٢/١٠١٤/١٣٩٧) وغيرهما، وەبۆ زیاتر تێ گەیشتن لەم باسە بڕوانە (أحكام الجنائز) ل ٢٤٤-٢٣١)].

(٣٥٧) لە بەر ئەوەی شتێکی داهێنراوە ، پێشینان(السَّلَف) نەیانکردوە ، وە فەوتانی ماڵیشە بە بێ سوود ، کە لە شەریعەتدا حەرامە ، وە لاسایی کردنەوەی (مَجُوس)ە ئاگر پەرستەکانە ، کە فەرمانمان پێ کراوە جیاوازیان لە گەڵدا بکەین ، ئەمەیش ڕای (إِبْنُ حَجَرِ الهَيْتَمِي)ە ، لە [الزواجر (١/١٣٤)دا]. وە ئەو فەرموودەیەیش کە دەیکاتە بەڵگە _ وە (إِبْنُ القَيِّم)یش دیکاتە بەڵگە _ لە (إِبْنُ عَبَّاس)ەوە دەیگێڕنەوە: (( **لَعَنَ اللهُ زَائِرَاتِ القُبُوْرِ وَالمُتَّخِذِيْنَ عَلَيْهَا المَسَاجِدَ وَالسُّرُجَ** )) واتە: نەفرەتی خوای گەورە لەو ئافرەتانەی کەوا زۆر سەردانی گۆڕستان دەکەن ، وە لەو کەسانەیش کەوا مزگەوتی لە سەر دروست دەکەن ، وە لەوانەیشی کەوا چرای لە سەر دادەگیرسێنن [رواه ابو داود (٣/٥٥٨/٣٢٣٦) والنسائي (٤/٩٤/٢٠٤٣) والترمذي (٢/١٣٦/٣٢٠)] فەرموودەکە لە (سَنَد)ە کەیدا (بَاذَام)ی تێ دایە کە لای پیاو(رِجَال) ناسەکان زۆر لاوازە ، بڕوانە [تهذيب السنن (٤/٣٤٢)] وە بڕوانە [سلسلة الأحاديث الضعيفة: ٢٢٣] .

(السُّرُج): چراو گڵۆپ دەگرێتەوە . وە واتای ڕستەی یەکەم و ڕستەی دووەمیشی ڕاستە ، لە بەر ئەو فەرموودانەی کە باسمان کرد ، بڕوانە[ أحكام الجنائز (ل٢٣٢-٢٣٣)].

(٣٥٨) لە بەر فەرموودەکەی (عَائشَة) (خـوای لیّ رازی بێـت) کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی: (( إِنَّ كَسْرَ عَظْمِ الْمُؤْمِنِ مَيِّتَاً ، مِثْلَ كَسْرِهِ حَيَّاً )) واتـە: شـکاندنی ئێسقانی باوەڕدار بە مردویی ، وەکو شـکاندنێتی بـە زینـدویی [رواه ابو داود (٦٩/٢) وابن ماجة (٤٩٢/١) وأحمد (١٠٠/٦) والدارقطني (٣٦٧) وغيرهم وهو حديث صحيح ، بڕوانە صحيح الجامع(٢١٤٣)].

ئیمامی (النَّوَوِي) دەفەرمێ: دروست نییە تێکدانی گۆڕ بە بێ هـیچ هۆیـەکی شـەرعی بە یەك دەنگی هاوەڵان – شافعێکان – بەڵام ئەگەر هۆیەکی شەرعی هـەبوو ئـەوە دروسـتە [بڕوانە (المجموع (٣٠٣/٥)].

**( الحَمْدُ لِلَّه ) ئەوە بەشی یاساکانی مردویش کۆتایی پێ هات ، بە یارمەتی خوای گەورە ئێستا دەست بە باسکردنی بەشی زەکات دەکەین.**

